# شاری کەرکوك لە نووسین و یادداشتی بیانییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا
# (توێژینەوەیەکە لە باری دیمۆگرافی و ئاوەدانی)

**ID No. 634**

(PP 165 - 180)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.3.12

**کامران محمد حاجی**

کۆلێژی ئاداب، بەشی مێژوو، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Kamaran.haji@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/10/02**

**پەسندکردن : 2022/11/02**

**بڵاوکردنەوە : 2023/07/25**

**پوختە**

بایەخی گەشتنامەکان و ئەو سەرنج و تێبینیانەی گەڕیدە و دیپلۆماتکارە بیانییەکان تۆماریان کردوون، کەرەستەیەکی گرنگن بۆ رووناکی خستنە سەر لایەنە شاراوەکانی مێژووی کورد، بەتایبەت لەبارەی ئەو ماوە مێژووییانەی زانیاریان لەبارەوە کەمە. بۆیە دەکرێت ئەو سەرنج و زانیارییانە، دوای وردبینیکردنیان، ببنە کەرەستەیەکی باش بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە. لەم سۆنگەیەوە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکمان بەناونیشانی (شاری کەرکوك لە نووسین و یادداشتی بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا/ توێژینەوەیەك لە باری دیمۆگرافی و ئاوەدانی) بە گرنگ زانی. دوای نووسینی پێشەکییەك بۆ بابەتی توێژینەوەکە، توێژینەوەکەمان بۆ سەر سێ تەوەری سەرەکی دابەش کردووە. لەتەوەری یەکەمدا کە ناونیشانی (باری دیمۆگرافی شاری کەرکوك)ی هەڵگرتووە، تیشکمان خستۆتە سەر ژمارەی دانیشتووان، پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی شارەکە. لێرەدا سەرنج و زانیارییەکانی گەڕیدەکانمان لەبارەی پەرەسەندنی باری دیمۆگرافیای شارەکە و سەرنج و تێبینی گەڕیدە و دیپلۆماتکار و نووسەرە بیانییەکانمان خستۆتە روو. لە تەوەری دووەمیشدا بەناونیشانی:(باری ئاوەدانی شاری کەرکوك(هەلومەرجی سەرقەڵا و بەرقەڵا)، تیشکمان خستۆتە سەر گرنگترین ئەو زانیارییانەی لەبارەی باری ئاوەدانی شارەکە، بە هەردوو بەشەکەیەوە. لە کۆتا تەوەریشدا، تەوەری سێیەم، بەناونیشانی:(دامەزراوە ئایینی، فێرکاری و خزمەتگوزارییەکان)، لێرەدا قامکمان خستۆتە سەر گرنگترین دامەزراوە ئایینی، فێرکاری و خزمەتگوزارییەکانی شارەکە، هەر وەك ئەوەی لە یادداشت و نووسینی بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا باسیان لێوە کراوە، بەپێی پێویستیش، سەرنج و تێبینیمان لەبارەی ئەم زانیارییانە خستۆتە روو.

**کلیلی توێژینەوە:** کەرکوك، گەڕیدەکان، موژدەدەری، کلیمان، وۆڵف.

## پێشەکی

یادداشتی گەڕیدە، راپۆرتی دیپلۆماتکار و نووسینی بیانییەکان، ئەو سەرنج و تێبینیانەی تۆماریان کردوون کەرەسەیەکی بە بایەخن بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد. ئەگەرچی هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی گەشت و گەڕانی گەڕیدەکان و راپۆرتی دیپلۆماتکارەکان جۆراو جۆرن، وەکو: سیاسی، ئابووری، ئایینی و سەربازی و ...هتد، واتا رەنگە هەر یەکێك لەو پاڵنەرانە رۆڵی هەبێت لە دارشتنی چۆنییەتی تێڕوانین و خستنە رووی زانیارییەکانیان، کە رەنگە هەندێك جار جێگای گومان و هەڵوەستە لەسەرکردن بن، لەگەڵ ئەوەشدا و دوای شەن و کەوکردن و بەراوردکردنی زانیارییەکان لەگەڵ سەرچاوەی دیکەی باوەڕپێکراودا، توێژەر دەتوانێت وەکو کەرەستەی بواری توێژینەوە سوودیان لێ ببینێت.

ئەم توێژینەوەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە: (شاری کەرکوك لەیادداشت و نووسینی بیانییەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا/ توێژینەوەیەکە لە باری دیمۆگرافی و ئاوەدانی) لەو بایەخ و گرنگییەی باسمان لێوە کرد سەرچاوەی گرتووە.

لەماوەی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا رووبەڕووی چەند گرفتێك بووینەوە. لە گرنگترین ئەو گرفتانە پرسی وەرگێڕانی دەقەکان، بەتایبەتی ئەوانەی تاکو ئێستا بۆ سەر زمانی کوردی وەرنەگێڕدراون، چونکە وەرگێڕان هونەرێکە دەبێت توێژەر لێی بە ئاگابێت، بەتایبەت سەبارەت بەو وشە و دەربڕینانەی گەڕیدەکان لە یادداشت و گەشتنامەکاندا تۆماریان کردوون، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ راست و دروستیی ئەو زانیارییانەی کەوا گەڕیدەکان تۆماریان کردوون، گرفتێکی دیکە بوو، چونکە هەر یەکێك لە گەڕیدەکان بە ئامانجێکی دیاریکراو سەردانی ناوچەکەیان کردبوو.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر(باری دیمۆگرافی شاری کەرکوك/ ژمارەی دانیشتووان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان) لە دیدی گەڕیدە و دیپلۆماتکار و نووسەرە بیانییەکان، تێبینی و سەرنجەکانیان کە لەم بوارەدا خستوویانەتە روو. لەم رووەوە هەوڵمانداوە بەراوردی نێوان زانیارییەکانیان بکەین و شەن و کەویان بکەین.

لە تەوەری دووەمیشدا کە ناونیشانی (باری ئاوەدانی شاری کەرکوك/هەلومەرجی سەرقەڵا و بەرقەڵا)ی هەڵگرتووە، تیشکمان خستۆتە سەر گرنگترین ئەو زانیارییانەی لەبارەی باری ئاوەدانی شارەکە، بە هەردوو بەشەکەیەوە(سەرقەڵا و بەرقەڵا) خراونەتە روو. هەر لێرەدا هەوڵمانداوە سەرنج و تێبینی خۆمان، دوای بەراوردکردنیان، لەبارەیەوە بخەینە روو. هەرچی تەوەری سێیەمە، بەناونیشانی(دامەزراوە ئایینی، فێرکاری و خزمەتگوزارییەکان)، لێرەدا تیشکمان خستۆتە سەر گرنگترین دامەزراوە ئایینی، فێرکاری و خزمەتگوزارییەکانی شارەکە، هەر وەك ئەوەی لە یادداشت و نووسینی بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا باسیان لێوە کراوە، بەپێی پێویستیش، سەرنج و تێبینیمان لەبارەی ئەم زانیارییانە خستۆتە روو. بە بەڵگە و زانیاری زیاتر شرۆڤەی هەر یەك لەم پرسانە کراوە. لە ئەنجامیشدا ئاماژە بە چەند خاڵێك کراوە کە توێژەر لە میانەی توێژینەوەکەیدا پێیان گەیشتووە.

بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە چەندین سەرچاوە بەستووە، سەرەکیترینیان بریتین لە یادداشت و راپۆرتی ئەو گەڕیدانەی سەردانی شاری کەرکوکیان کردووە، یان لە نزیکەوە سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لە بارەی بارودۆخی شارەکە تۆمار کردووە، هەروەها لەپێناو روونکردنەوە و ناساندن و دەستەبەرکردنی زانیاری سەرباریشدا، پەنامان بۆ ژمارەیەك سەرچاوەی دیکە بردووە کە گرنگی خۆیان هەبووە، لەنێو ئەو راپۆرتە فەرمی و توێژینەوانەن کە لەبارەی شاری کەرکوکەوە نووسراون، سوودیان لێ بینراوە.

**1. باری دیمۆگرافیای شاری کەرکوك(ژمارەی دانیشتووان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان):**

باری دیمۆگرافیای شاری کەرکوك لە رووی ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی خەڵکەکەی، لایەنێکی گرنگی هەلومەرجی شاری کەرکوك پێکدەهێنن، لە نووسین و یادداشتی بیانییەکاندا تیشکیان خراوەتە سەر.

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوك و پێکهاتەکانی لەسەدەی نۆزدەهەمدا، ئاماژەی زۆر بەم لایەنەکراوە، بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی لە خستنە رووی ژمارەکاندا بەدی دەکرێت. لەوانەیە گەڕیدەی بریتانی جۆن ماکدۆنالد کینێ(i) J. M. Kinneir یەکەمین گەڕیدە بێت کە پێشی ئەوانەی تر زانیاری لەبارەی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك خستبێتە روو، کاتێك لەساڵی(1813)دا ژمارەی دانیشتوانی شارەکە، بەگشتی، بە(5)هەزار کەس دەخەمڵێنێت، کە لە تورك، ئەرمەن، نەستووری و کورد پێکدەهاتن(Kinneir, 1813, 298). ئەمە و دوای تەنها سێ ساڵ، جیمس سێلك بەکنگهام J. S. Buckngham باسی ئەوەی بۆ کردووین ژمارەی نیشتەجێبووانی قەڵاکەی کەرکوك(سەرقەڵا) بە (5) بۆ (6)هەزار دەخەمڵێنرێت و ژمارەی ئەوانەی بەرقەڵاکە بە دەوروبەری(10)هەزار کەس دەخەمڵێنێت، بەجۆرێك ئەوانەی سەرقەڵا تەنها موسڵمان و ئەوانەی بەرقەڵاش لە موسڵمان، ئەرمەن، نەستووری و کلدان پێکهاتبوون(بکنغهام، 1969، 142). بەپێی خەمڵاندنەکەی بەکنگهام بێت، ژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکوك، بەگشتی، (15) بۆ (16)هەزار کەس بووە. پێمان وایە کینەر لە خستنەڕووی زانیارییەکانیدا سەبارەت بەژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکوك هێندە ورد نەبووە، بەتایبەت کاتێك ئاماژەی بەوە کردووە کە ژمارەی دانیشتووانی شارەکە لای خەڵکی شارەکە بە(18)هەزار کەس دانراوە، لەکاتێکدا ناوبراو خۆی ئەم خەمڵاندنە رەتدەکاتەوە(Kinneir, 1813, 298 ). ئەمە لەکاتێکدا خەمڵاندنەکەی بەکنگهام لەگەڵ ئەوەی کە لای خەڵکی شارەکە مەزەندە کراوە، تارادەیەك لێك نزیکن.

شایانی باسە دوای دوو ساڵ، لە کانوونی یەکەمی(1818) رۆبێرت کەر پۆرتەر(ii) R. K. Porter ی گەڕیدەی بریتانی، ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بە(10) بۆ (12)کەس دەخەمڵێنێت. ئەمە و ناوبراو باسی ئەوەشی بۆ کردووین کە دانیشتوانی شارەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لە تورك، ئەرمەن، کورد، عەرەب و ژمارەیەکی کەم لە جوولەکە پێکدەهاتن(Porter, 1822, 439). لەساڵی(1820)یشدا مونشی بەغدادی ئاماژەی بەکەرکوك کردووە. ناوبراو ئاماژە بە بوونی (6)هەزار ماڵ لەشارەکە کردووە، لەم ژمارەیەدا (50)ماڵیان مەسیحین و (300)یشیان جوولەکەن، هەروەها لەبارەی دانیشتووانی بەرقەڵا نووسیویەتی:"هەموویان تورکی یەنیچەری و کوردن، زۆربەیان شافیعین، هەندێکیشیان حەنەفین"(البغدادي، 1948، 64). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆرینەی دانیشتووانی شارەکە کورد بوونە، چونکە کوردەکان لەسەر مەزهەبی شافیعین، هەرچی تورکمانەکانن ئەوان لەسەر مەزهەبی حەنەفین. مزگێنیدەرێکی جوولەکەی هەڵگەڕاوە بەناوی ژۆزێف وۆڵف(iii) Joseph Wolff، کە لەلایەن(کۆمەڵەی لەندەن بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت لەنێوان جوولەکان)(iv)(London Society for Promoting Christianity among Jews) بۆ رۆژهەڵات

ڕەوانە کرابوو، لەساڵی(1824) سەردانی شاری کەرکوکی کردووە و لە تۆمارەکانی خۆیدا تەنها ئاماژەی بە هەبوونی کورد و جوولەکە و مەسیحی لەشارەکەدا داوە، بێ ئەوەی زانیاری لەبارەی ژمارەیان بەدەستەوە بدات. ناوبراو نووسیویەتی:"تاکو ئێستاکەش ئەم شوێنە[کەرکوك-توێژەر] دیان و جولەکە و کوردەکانی بەو پەڕی دۆستانە تێدا نیشتەجێیە و بە سەخاوەت ناسراون ,Wolff, 1861). 200) "

جارێکی دیکە ژمارەی دانیشتووانی کەرکوك بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لەلایەن گەڕیدەی بریتانی ژەنەراڵ فرانسیس چەسنی F. Chesney، لە ناوەڕاستی سییەکاندا، بۆ (10)هەزار کەس نزم دەبێتەوە(Chesney, 1868, 496). لەساڵی(1840)یشدا، گەڕیدەی ئەمریکایی قەشە هۆراشیۆ ساوسگێتHoratio Southgate(1812_1894) ژمارەی دانیشتووانە موسڵمانەکانی کەرکوکی بە دەوروبەری(15000)کەس خەمڵاندووە، لەگەڵ بوونی دەوروبەری(50)خێزانی کلدانی و ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکە ، هەروەکو ناوبراو وای تۆمارکردووە(Southgate, 1840, 209). لەوانەیە ئەم جیاوازییە لە خستنەڕووی ژمارەی دانیشتووان و ڕێژەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە شارەکە بەشێکیان بۆ جیاوازی لەتێڕوانین و هەڵسەنگاندنی بیانییەکان خۆیان بگەڕێتەوە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی، لەکات و وەرزی جیاوازدا سەردانی شارەکەیان کردووە، دووریش نییە هۆکارە سروشتییەکان و بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییەکان لەم ڕووەوە کاریگەری خۆیان هەبووبێت لە کەمبوونەوە و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، هەروەکو لە تەوەری دووەمدا نمونەی چەند سەرچاوەیەکمان لەم بارەوە بەدەستەوە داوە.

گەڕیدەیەکی فەڕەنسی بەناوی(کلیمان) لەساڵی(1856)دا سەردانی کەرکوکی کردووە و ژمارەی دانیشتووانەکەی، بەهەردوو بەشەکەیەوە، بە(25)هەزار کەس داناوە، کە سێ چارێکیان کوردبوونە(Clément, 1866, 199). ئەمە لەکاتێکدا تەنها دوو ساڵێك پێش ئەوە، کاتێك گەڕیدەیەکی دیکەی فەڕەنسی لە(11ی شوباتی 1854) سەردانی شارەکەی کردبوو، ژمارەی دانیشتووانی شارەکەی بە(10)هەزار کەس خەمڵاندووە، لەنێویاندا تەنها (150)کەسیان دیان بوونە، ژمارەی خێزانە جوولەکەکانیشی بە(90) خێزان داناوە (Oppert, 1863, 280). ئەم جیاوازییە زۆرە لە خەمڵاندنی ژمارەی دانیشتووانی شاری کەرکوك دیسان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەو زانیارییانەی خراونەتە روو تەواو وردنین، هەروەها زۆر جاریش هەبووە لە جیاتی ئاماژەدان بە ژمارەی کەسەکان، ئاماژە بە ژمارەی خێزان، بگرە جاری وا هەبووە تەنها ئاماژە بە ژمارەی خانووەکان کراوە، بۆ نموونە لە یادداشتی گەڕیدەیەکی فەڕەنسییدا کە بۆ سەرەتای چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە ئاماژە بە بوونی(3500) ماڵە موسڵمان و (200) ماڵە جوولەکە و (55) ماڵە مەسیحی لە شارەکە دەکات(Coste, 1878, 400) سەرچاوەی وا هەیە تەنها ئاماژەی بە پێکهاتەکان کردووە، بەبێ ئەوەی زانیاری لەبارەی ژمارەی دانیشتووان، خێزان یان خانووەکانیش بەدەستەوە بدات(Turkey, 1878, 134).

شایانی باسە سەرچاوەی دیکە هەیە تەنها لەسەر بنەمای پابەندیی ئایینی ئاماژەی بە دانیشتووانی شارەکە کردووە، لەم ڕووەوە ژمارەی خێزانە جوولەکەکانی کەرکوك بە دەوروبەری(250) خێزان دانەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ژمارەیان بکات (Jewish Missionary Intelligence, 1848, 295) دیارە ئەم سەرچاوەیەی دوایی کە لە بنەڕەتدا تۆماری ڕۆژانە و یادداشتی مزگێنیدەرەکانی لەخۆ گرتووە، واتە ئامانجی سەرەکی لە گەشتەکە ئایینی و مزگێنیدەری بووە لە نێوان جولەکەکانی شارەکە، بۆیە نەپرژاوەتە سەر ئەوەی زانیاری لەبارەی ژمارە و پێکهاتەی خەڵکانی تری دانیشتووی کەرکوك تۆماربکات. بۆ سەلماندنی ئەم رایەشمان پێویست ئاماژە بەو زانیارییە بکەین کە لەلایەن هێنری ئارۆن ستێرن(v) H. A. Stern ی مزگێنیدەری سەر بە کڵێسای ئەنگلیکانی بریتانیی تۆمارکراوە، ناوبراو لە کۆتایی چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی کەرکوکی کردووە، ئاماژە بە بوونی ژمارەیەك لە موسڵمان دەکات کە لەسەر قەڵادا نیشتەجێ بوونە. هەروەها ئاماژە بە بوونی دیانەکان لە شارەکە دەکات، کەچی بەبێ ئەوەی ژمارەی هیچ کامێك لەم پێکهاتانە بخاتە ڕوو. دیارە ئامانجی ناوبراو بریتی بووە لە خۆنزیککردنەوە لە جوولەکانی شارەکە و هێنانیان بۆ سەر کڵێسای ئەنگلیکانی، هەر بۆیەشە زیاتر لەسەر باسکردنی ئەم پرسە وەستاوە، بەڵام وەکو خۆی ئاماژەی پێکردووە، لە هەوڵەکانیدا لەگەڵ حاخامی جوولەکەکان بەناوی(تشام حسقێل) بۆ ئەوەی بیهێنێتە سەر ئایین و کڵێساکەی خۆیان، سەرکەوتوو نەبووە ,Stern) .1854, 208_209)

مزگێنیدەرێکی دیکەی ئایینی بەناوی جۆن بۆین John Boin کە بەئامانجی کاری مزگێنیدەری هاتبووە ناوچەکە و لە (29ی کانونی دووەمی 1850) گەیشتبووە شارەکە، تەنها ئاماژە بە بوونی(50)خێزانی بوونی کلدانی لە شارەکە کردووە، بەبێ ئەوەی زانیاری لەبارەی پێکهاتەکانی دیکە تۆمار بکات(Bowen, 1851, 338). دوای نزیکە حەوت ساڵ، مزگێنیدەرێکی دیکەی ئایینی سەر بە کڵێسای ئەنگلیکانی بریتانیی بەناوی ئێپشتاین J. M. Eppstein، کاتێك لەساڵی(1857)دا سەردانی شارەکەی کردووە و کۆڕ و کۆبوونەوەی لەگەڵ جولەکەکاندا ئەنجامداوە، لە تۆمارەکانی خۆیدا ئاماژە بە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە جولەکە لە شاری کەرکوکدا دەکات، بەبێ

ئەوەی ئاماژە بەژمارەیان یان ژمارەی خێزان یان ماڵەکانیان بکات، چونکە هەروەکو بەدیار دەکەوێت ئامانجی گەورە لە سەردانەکەیدا بریتی بووە لە ئەنجامدانی چالاکی مزگێنیدەری لەناو جوولەکەکاندا، هەر بۆیە زیاتر لەسەر ئەم پرسە وەستاوە(Jewish Missionary Intelligence, 1893, 168).

لەناوەڕاستی شەستەکاندا لیکلاما(vi)Chevalier Lycklama a Nijeholt ی گەڕیدەی هۆڵەندی_فەڕەنسی ئاماژەی بە بوونی(12) بۆ (13)هەزار کەس کردووە کە لەشاری کەرکوکدا نیشەجێ بوون، لە نێوانیاندا(200) بۆ (300) دیان و (100) خێزانی جوولەکە ژیاون (Lycklama, 1874, 86). لەساڵی(1869)شدا ئەدۆڵفۆ ریڤادینێرا(vii) A. Rivadeneyra ی گەڕیدەی ئیسپانی کۆی ژمارەی دانیشتوانی شارەکەی بە(20)هەزار کەس خەمڵاندووە، کە لە تورك و کورد و نەستوری و کلدانی پێکدەهاتن(ریفادینیرا، 2009، 97). نزیکەی هەر لەو ماوەیەدا مزگێنیدەرێکی ئەمریکایی بەناوی نیومان Newman سەردانی کەرکوکی کردووە و ژمارەی دانیشتووانەکەی بە(30)هەزار کەس داناوە، بەجۆرێك لەسەر قەڵاکەدا تەنها خەڵکانی موسڵمان ئاکنجی بوونە، بەڵام لە خوار قەڵاکەدا موسڵمان و نەستووری و دیانی کلدان بە تێکەڵاوی ژیاون(Newman, 1876, 219-220).

کاتێك لەساڵی(1873)دا گەڕیدەی رووس ئەندازیار ژۆزێف(یوسف) چێرنیکس(viii) Joseph Cerniks سەردانی شاری کەرکوکی کردبوو، شاری کەرکوك بە "یەکەم شاری سەرەکیی کوردیی" ناو دەبات. هەروەها ژمارەی دانیشتوانی شارەکەی بە (12) بۆ (15)هەزار کەس داناوە. شایانی باسە لەبارەی پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکەدا، چێرنیك نووسیویەتی:" ...لە کەرکوکدا 40 خێزانی مەسیحی(ئەرمەنی) هەن، سەرجەمی دانیشتوانەکەی تری کوردی موحەمەدی[موسڵمان-توێژەر]ن"(Freiherrn , 1876 , 43-44). وا دیارە کە چێرنیکس لە تۆمارەکانی خۆیدا جگە لە ئاماژەدان بە کورد، هیچ ئاماژەیەکی بە هەبوونی نەتەوە موسڵمانەکانی تری شارەکە، لەوانەش تورکمانەکان نەکردووە، هەروەها لەبارەی نەتەوە ناموسڵمانەکانیشەوە، لەوانەش دیانەکان، تەنها ئاماژەی بە ئەرمەن کردووە. لەم بارەیەوە مێژوونووسێك پێی وایە هۆکاری ئەمەی دوایی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکو ئەوکاتە "سەرچاوەکان ئاماژەیان بە فەرمانبەرانی سەربازی و مەدەنی عوسمانی وەك بەشێك لە دانیشتووانی شار نەکردووە". واتا وەکو بەشێکی رەسەنی نیشتەجێی شارەکە حسێب نەکراون، هەروەها لەبارەی پرسی ئاماژەدان بە ئەرمەنەکان وەکو تەنها رەگەزێکی ئێتنی ناموسڵمان لەشارەکەدا، بەهۆی ئەوەوە بووە کە رووسەکان لە ناوچەی کەفکازدا ئەرمەنەکانیان زیاتر لە ئەوانەی دیکە ناسیوە(قادر، 2019، 169).

لەیەکێك لەو سەرچاوانەی لەبنەڕەتدا وەکو پێویستییەك و بەرچاو روونییەك بۆ گەڕیدەکان، لەبارەی ئەستانبۆڵ و ناوچە ئاسیاییەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی ئامادەکراوە و لە ساڵی(1878)دا لە لەندەن چاپکراوە، ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوکی بە دەوروبەری(20)هەزار کەس تۆمارکردووە. تێیدا هاتووە: " دانیشتوانەکەی سێیەکیان کوردن و سێیەکی تریشیان مەسیحین کە زۆربەیان کلدانین "(Handbook, 1878, 447).. هەر وەکو دیارە ئەم سەرچاوەیەی دوایی هیچ ئاماژەیەکی بە پێکهاتەکانی تر نەکردووە چ وەکو نەتەوە، وەکو تورك و عارەب و ئەرمەن، چ وەکو پێکهاتەی ئایینی وەکو جوولەکە و نەستووری، کەچی وەکو بەدیاردەکەوێت پێکهاتەی کورد وەکو نەتەوە، زۆرینەی دانیشتووانی شارەکەی پێکهێناوە وەکو ژمارەیەك لە سەرچاوەکانی دیکەش دووپاتیان کردۆتەوە.

لەنێو ئەو سەرچاوانەی بەدەستمان کەوتوون، لەوانەیە تاکە سەرچاوەیەك کە ئاماژەی بە هەموو پێکهاتەکان دابێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ژمارەیان دیاری بکات، بریتییە لەو سەرچاوەیەی کە لەساڵی(1878) لە لەندەن چاپکراوە، تیایدا هاتووە کە شارەکە شارەکە پڕیەتی لە دانیشتووان کە لە کورد، عارەب، تورکی عوسمانلی، مەسیحی و جوولەکە(Cyprus…, 1878, 134)، کەم و کوڕی ئەم زانیارییەی ئەم سەرچاوەیەی دوایی لەوە دایە، کە ئاماژەی بە ژمارە و رێژەی پێکهاتەکانی دانیشتووانی شارەکە نەداوە، تەنانەت پێکاتەی مەسیحییەکانیشی لێك جیا نەکردۆتەوە.

شایانی باسە کە لەساڵی(1879)دا قەشەیەکی سەر بە نێردەی مزگێنیدەری فڕەنسایی بەناوی ژاك رێتۆرێ(ix) J. Rhetore سەردانی شاری کەرکوکی کرد، ناوبراو ژمارەی دانیشتووانی شارەکەی بە(30)هەزار کەس داناوە. هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کۆمەڵەی مەسیحییەکانی کەرکوك لە ناو شارەکەدا(50)ماڵێك دەبوون، ئەوانەی لەدەوروبەرەکەیدا(قۆریە) نزیکەی(20)بنەماڵە دەبوون. ئەمە جگە لە کۆمەڵەیەکی جوولەکە کە نزیکەی(200)ماڵ دەبوون(رێتۆرێ، 2008، 31).

دوای نزیکەی(10)ساڵ، گەڕیدەیەکی دیکە ئاماژەی بەوە کردووە ژمارەی دانیشتووانی کەرکوك لەنێوان(15) بۆ (20) هەزار کەس دەبێت، سێ چارەکیان موسڵمانن. شایانی باسە. هەر لەم سەرچاوەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کەوا دانیشتووانە موسڵمانەکان**''...بەشێوەیەکی سەرەکی لە تورك، تورکمان، فارس و عارەب پێکهاتوون. پاشماوەکەی تری دانیشتووان بریتین**

**لە ئەرمەن، دیان و جوولەکە. ئەمە جگە لە بوونی(حامیة)یەکی هەمیشەیی کە[ژمارەیان-توێژەر] هەزار بۆ دوو هەزار سەربازی تورکی دەبێت، کە پیادەکانیان بارەگایان لەسەر قەڵاکەیە لەسەر گردەکەدا، هەرچی هێزی سوارە و تۆپچییەکانن ئەوا لە ناوچەیەکی دەوروبەری شارەکەدان..."** (Locher, 1890, 368) . ئەوەی جێگای سەرنجە کە لۆچەر لەم کتێبەیدا هیچ ئاماژەیەکی بە پێکهاتەی کورد، وەکو رەگەزێکی ئیتنی موسڵمان لە شارەکەدا، نەکردووە. پێمان وایە ئەم زانیارییەی لۆچەر بەهەڵە تۆمارکراوە، واتا لەجیاتی ناوی (کورد)، ناوی (تورك)ی بەکارهێناوە. دووریش نییە هەڵەکردنەکە لەکاتی تایپکردندا روویدابێت، چونکە هەروەکو دەبینین سەرەتا ناوی (توركTurk)، دوای ئەویش ناوی(تورکمان Turcoman) ی بەکارهێناوە. هەرچۆنێك بێت ئاماژەدان بە پێکهاتەی کورد وەکو رەگەزێکی ئیتنی سەرەکیی لەشارەکەدا، بەر لە چاپکردنی کتێبەکەی لۆچەر و دواتریش، لە سەرچاوەکاندا دووپاتکراوەتەوە. هەروەکو ئەوەی پێشتر لەلایەن (چێرنیك)ەوە ئاماژەی پێدرابوو و باسمانکرد. تەنانەت لەلایەن سەرچاوە فەرمییەکانی عوسمانیش ئەمە دووپات کراوەتەوە، وەکو دواتر ئاماژەی پێ دەدەین. ئەمە جگە لەوەی کە ژمارەی دانیشتووانی شارەکەش، وەکو لۆچەر ئاماژەی پێکردووە گوایە لەنێوان(15) بۆ (20) هەزار بووە، دیسان لەگەڵ لۆژیکدا یەکناگرێتەوە، چونکە تەنانەت سەرچاوە فەرمییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ئاماژەیان بەوە داوە کە لە نەوەتەکاندا ژمارەی دانیشتووانی شارەکە(30)هەزار کەس بووە، وەکو دواتر باسی دەکەین.

لە نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، سەرچاوەیەکی فەرەنسیی لەبارەی ناوچە ئاسیاوییەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بڵاوبۆتەوە، لەم سەرچاوەیەدا بە تێرو تەسەلی ئاماژە بە سەنجەقی شارەزوور کراوە، کە کەرکوك مەڵبەندەکەی بووە، تێیدا ئاماژە بەوە کراوە ژمارەی دانیشتوانی سەنجەقەکە بەگشتی(89)هەزار کەس بووە. ژمارەی دانیشتووانی ناوەندی شاری کەرکوکیشی بە(30)هەزار کەس داناوە، لەو ژمارەیەش(28)هەزاریان موسڵمان، (1000)یان جوولەکە و (400)یان مەسیحی بوون ,Guinet). (851 ,1892 دوای بەراوردکردنی ئەم زانیاریانە لەگەڵ زانیارییەکانی سێیەم ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی ساڵی(1895)، کە ژمارەی دانیشتووانی شارەکەی بە(29140)هەزار کەس خەمڵاندووە(موصل سالنامە سي، 1312ه، 298)، هەروەها (قاموس الأعلام)ی شەمسەدین سامی، کە لەساڵی (1896)دا بەرگی پێنجەمی بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بە هەبوونی (30)هەزار کەس لە شارەکە کردووە. هەر لێرەدا ئاماژە بەوە کراوە کە سێ چارەکی دانیشتووانی کەرکوك لە نەتەوەی کوردن، ئەوانەی دیکەش تورك و عەرەب و هی دیکەن. ئەمە و جگە لە بوونی(760) جولەکە و (460)کلدانی(تاقانە، 1998، 290). مێژوونووسێك لەم بارەیەوە پێی وایە کە ئەم هێندە گۆڕانکارییەی بەسەر پێکهاتەکانی کەرکوکدا هاتووە، بەتایبەت لەوەتەی رووخانی میرنشینی بابان لەساڵی(1851)دا دەستی پێکردووە، واتا زاڵبوونی دەسەڵاتی راستەوخۆی عوسمانی بەسەر شارەکەدا، پرۆسەی **"بەعوسمانیبوون"**ی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەڵام هێشتا لە ئاستێکی سنووردراردا بووە، تاکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، کورد زۆرینەی دانیشتووانی رەسەن و سەرەکیی شارەکەی پێکدەهێنا، لەپاڵ ژمارەیەك لە خێزانی مەسیحی کلدان و ئەرمەن و جوولەکەدا(قادر، 2019، 167).

بەم جۆرە دەکرێ بڵێین ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا نزیکەی(30)هەزار کەس بووە، کە زۆرینەیان کورد بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رێژەی زیادبوونی دانیشتووانی شاری کەرکوك لەوەتەی دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم تاکو کۆتاییەکانی ئەو سەدەیە تەنها دوو هێندە بووە. لەم بارەیەوە وەکو توێژەرێك باسی دەکات، ئەم هێندە گەشەسەندنە بە پێوەری ئاسایی گەشەسەندنی دانیشتووان کەمە(شوانی، 2009، 37).

**2. باری ئاوەدانی شاری کەرکوك(هەلومەرجی سەرقەڵا و بەرقەڵا):**

سەبارەت بە باری ئاوەدانی شاری کەرکوك، وەکو هەموو ئەو شارانەی دیکە کە قەڵایان هەیە، ئەو سەرچاوانەی زانیاریان لەبارەی باری ئاوەدانی شارەکە تێدا تۆمارکراوە، تیشکیان خستۆتە سەر هەردوو روواڵەتی ئاوەدانی شارەکە، واتا سەرقەڵا(بەرزە شار) و بەرقەڵا(نزمەشار). واپێدەچێ گەڕیدەی فرەنسیی ئەدریان دۆپرێ(x) A. Dupre کە لە(17ی تشرینی یەکەمی 1807) دا سەردانی شارەکەی کردووە، یەکەم بیانی بێت هەندێ ئاماژەی بە باری ئاوەدانی شارەکە دابێت. سەرەتا ناوبراو باسی ئەوەی بۆ کردووین کە شاری کەرکوك **"ناوەکەی لە کورکورا‌Courcural وە هاتووە کە بەلای (بەتلیمۆس)ەوە یەکێك بووە لە شارەکانی وڵاتی ئاشوور، کە دەکاتە کوردستانی ئێستاکە"**. هەروەها ناوبراو لەباسی قەڵاکەدا نووسیویەتی:" **...قەڵایەکی قایمی لێیە لەسەر بەرزاییەکدا، لە لاپێکانیدا چاوگەیەکی ئاو دەڕوات، کاتێکیش کە ئاسمان باران دەبارێنێت ئەوا ئاو لە هەموو شوێنێکدا دەڕوات و لەهەموو لایەکەوە دەوری ئەم بەرزاییە دەدات و دەیکات بە دوورگەیەك"**(حداد، 2011، 85). شایانی باسە کە دوای دوو ساڵ، سەرچاوەیەکی فرەنسی جیا لەوەی دۆپرێ کە لەبارەی باشالکی بەغداوە نووسراوە، تیایدا هاتووە کە شاری کەرکوك بە بنیاتنراوە، بەڵام لە شوێنێکی دیاردا هەڵکەوتووە(Rousseou, 1809, 82).

هەرچی کینێی گەڕیدەی بریتانییە، ناوبراو شاری کەرکوك بە'' **گەورەترین شاری بەشی باشووری کوردستان''** وەسف دەکات. هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە لە دوور ڕا، تا ئەوکاتەش، وەکو قەڵایەکی ڕۆمانی دەردەکەوێت و شارەکە شوێنێکی سەرکردایەتییانەی وەرگرتووە. لەپاڵ ئەم پیاهەڵدانەشدا کەچی دەبینین کینێ باسی ئەوەشی بۆ کردووین کەوا کۆڵانەکانی شارەکە تەسك و پیس و پۆخڵن، خانووەکانیشیان نزمن. هەر لەباسی ئاوەدانییەکەی بەرقەڵادا ناوبراو باسی بوونی شورایەکی قوڕین لە شارەکە دەکات کە دوو دەروازەی هەبووە(298_297 ,Kinneir, 1813 ).

لەساڵی(1816)دا، بەکنگهامی گەڕیدەی بریتانی، سەردانی کەرکوکی کردووە، ناوبراو بە وردی باسی بەشەکانی شاری کەرکوکمان بۆ دەکات و بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش کردووە، ئەوانیش بریتین لە بەشە سەرەکییەکەی کە بریتییە لەگردێك لە سەرەوەشیدا شارێکی قایم هەبووە، ژمارەیەکی زۆر لە خانوو و سێ مزگەوتیشی لێ بووە. ئەو بەشەی شارەکە تەنها خەڵکی موسڵمانی تێدا نیشتەجێ بووە. بەشی دووەمی شارەکە کە دەکەوتە پێدەشتی بەرقەڵاکەوە، ئەوا لە دوو ڕووەوە لەوەی یەکەم جیاواز بووە، یەکەمیان بریتییە لە جیاوازی پێکهاتەی خەڵکانی نیشتەجێ بووی ئەم بەشە کە لە موسڵمان، ئەرمەن، نەستووری و کلدان پێکدەهاتن. دووەم جیاوازیشی ئەوەیە کە لەوەی یەکەم فراوانتر بووە. هەرچی بەشی سێیەمی شارەکەیە ئەوا بە دووری نیو میل لە دوو بەشەکەی پێشوو هەڵکەوتووە(بكنغهام، 1969، 142_143). وا دیارە کە مەبەستی بەکنگهام لەو بەشەی سێیەم بریتییە لەو ناوچەیەی کە پێی دەگوترێ(قۆریە) و کەوتووەتە ڕۆژئاوای زێی خاسە(خاسە چای)، لە کاتێکدا هەردوو بەشەکەی دیکە، واتا سەرقەڵا و ئاوەدانییەکەی بەرقەڵا، کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی زێیەکەوە(البوتاني، 2007، ص103_104).

دوو ساڵ دوای بەکنگهام، پۆرتەری گەڕیدە گەیشتۆتە شاری کەرکوك، ناوبراو بەجۆرێك باسی قەڵای کەرکوك یان وەکو خۆی بە(بەرزەشار) ناوی دەبات، وەکو بەرزاییەك وابێت کە بەشێوەیەکی تاك و تەرا لە بیابانێکدا هەڵکەوتووە. ناوبراو نووسیویەتی:'' **... ئەگەر ئەو ژمارە کەمە درەختە پەرت و بڵاوەی سەر باخچەکانی دەوروبەری[ قەڵاکە-توێژەر]نەبێت، ئەوا بە تەواوی وێران بەدیار دەکەوێت و زەوییەکەشی تەواو رووتەنە''** (Porter, 1822, 438). شایانی باسە پۆرتەر ئاماژەی بەوەش کردووە کە خانووەکانی بەشەکەی بەرقەڵا لە شارەکە لەوەی سەرقەڵا تازەترن(Porter, 1822, 439).

جیاواز لەمانەی رابردوو، تەنها دوای دوو ساڵ، کاتێك مونشی بەغدادی کە هاوڕێیەتی ریچی کردبوو لە گەشتەکەیدا، شاری کەرکوك بە ''**شارۆچکەیەکی جوان''** وەسف دەکات. ناوبراویش وەکو ئەوانەی دیکە نووسیویەتی قەڵاکەی لەسەر گردێکدا هەڵکەوتووە، هەرچی بەشەکەی دیکەی شارەکەیە کەوتۆتە ئەم لاو ئەولای قەڵاکەوە(البغدادي، 1948، 64). کەچی لە ناوەڕاستی سییەکاندا، جارێکی تر چەسنی باسی ئەوە دەکات قەڵاکەی کەرکوك داڕووخاوە و پڕە لە خانووی کاول بوو لەسەر گردێکی بەردەڵانیدا. ئینجا کە دێتە سەر باسی ئاوەدانی بەرقەڵاکە، هاوشێوەی پۆرتەر، بە شارێکی فراوان وەسفی دەکات، بەجۆرێك منارە و گومەزەکانی مزگەوتەکان دیمەنێکی جوانیان بە شارەکە بەخشی بوو(Chesney, 1868, 496) .

لە ساڵی(1830)دا جوولەکەیەکی هەڵگەڕاوەی بەڕەگەز لیتوانیی، بەناوی رابی دێڤید هیلێل(Rabbi David D' Betti (xi Hillelسەردانی کەرکوکی کردووە، هیلێل لەبارەی کەرکوکەوە دەڵێت:'' **کوورکووك[بەم شێوەیە Koorkook ناوی کەرکوکی تۆمارکردووە-توێژەر] شارێکی کۆنە لە بەردی هەڵکۆڵراو بونیاد نراوە. لە شارەکەدا تاوەرێکی گەورە هەیە کە چوار گۆڕی لێیە، سێیانیان لەنزیکی یەکترن و ئەوەی تریشیان بە لاتەریك هەڵکەوتووە...سێیانیان بریتین لە حەنینا و میکائیل و عەزریا، ئەوەی بەتەنهاشە دانیاله''**(Hillel 1832, p.62 ). ئەم زانیارییەی دوایی لەلایەن لێکلامای گەڕیدەوەش نزیکەی بە هەمان شێوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، کاتێك لەباسی شاری کەرکوکدا نووسیویەتی:**''ئەم شارە کەوتۆتە سەر گردێکی لێژەوە، بە شوورا دەورە دراوە و وەکو قەڵا وایە. لێرەدا(3) مزگەوت هەن، دەگوترێ کەیەکێکیان گۆڕی پێغەمبەر(دانیال) و (میکائیل) و (حەنینا) و (عەزریا)ی تێدایە...''** (Lycklama, 1874, 86). شایانی باسە کە گۆڕی پێغەمبەر(دانیال) لە ژمارەیەك لە سەرچاوەکاندا وەکو بەشێکی لایەنی ئاوەدانی شاری کەرکوك، ئاماژەی پێدراوە. لەم ڕووەوە گەڕیدەی ئەمرکیی ئیسرائیل ژۆزێف بنیانین I. J. Benjamin کە لەنێوان ساڵانی (1846_1855) گەشتێکی دورودرێژی بە ئاسیا و ئەفریقادا ئەنجامدابوو، بە هەمان شێوە باسی هەر چوار گۆڕەکەی بۆ کردووین. زیاد لەوەش ئاماژەی بەوە داوە کە گۆڕەکان زۆر بەباشی پارێزراون و بە جوانی و بە مافووری نەخشێنراو رازێنراونەتەوە(Benjamin, 1859, 103) هەروەها لەساڵی(1878)دا گراتان گێری باسی ئەوەی بۆ کردووین کە لە نزیك لێواری ئەو گردەی کە قەڵاکەی لەسەر هەڵکەوتووە، خانوویەك هەیە کە چوار گۆڕی تێدایە. هەریەك لە موسڵمانەکان و جولەلەکەکانیش پێیان وایە کە یەکێکیان گۆڕی پێغەمبەر(دانیال)ە، ئەوانەی تریش گۆڕی(حەنینا)، (میکائیل) و (عەزریا)ن، ئەوانەی هاوڕێی دانیال بوون(Geary, 1878, 20).

وەسفی شاری کەرکوك لە نووسینەکانی کۆڵۆنێل شێل C. Shiell ی گەڕیدەی بریتانیدا جێگای خۆی کردۆتەوە، کاتێك ناوبراو لە (18ی ئابی 1836) دا لە ڕێگای هەولێر و پردێ (ئاڵتون کۆپری) یەوە سەردانی شاری کەرکوکی کردووە. شێل نووسیویەتی:**''کەرکوك شارۆچکەیەکی کراوەی گەورەیە لە دەشتێکدا، [شارەکە-توێژەر]وەکو هەموو شارۆچکەکانی دیکەی ئەم بەشەی جیهان بریتییە لە گڵۆتێکی گەورە لە پاشماوەی: تاعون و برسێتی، باوەڕم وایە کە کۆلێرا نزیکەی وێرانی کردووە. لە نزیکییەوە[ بەرقەڵا-توێژەر] قەڵایەك هەیە لەسەر گردێك دروستکراوە، زۆر بەرز نییە بەڵام زۆر لێژە**"(Shiell, 1838, 100). واپێدەچێت مەبەستی شێل ئەو پەتایە بێت کە لەساڵی(1830)دا لە کوردستان(xii) و ناوچەکەدا بڵاوبۆوە، لەم ڕووەوە گەریدەیەك لە یادداشتنامەکەیدا نووسیویەتی:**''لەساڵی 1830دا تاعون تەورێزی وێران کرد...، دواتر بە هێواشی گەیشتە بەغدا، لەکەرکوکەوە وەستا، لەبەرامبەریدا هەزاران کەس لە لەناوچوون، لە دەوروبەری ناوەڕاستی ئاداری 1831دا، بەهۆی چەند جولەکەیەکی کەرکوکەوە کە چووبوونە ناو بەغداوە، [پەتاکە-توێژەر] لەناو بەغدا بڵاوبۆوە...ژمارەی دانیشتووانی بەغدا پێش پەتاکە بە هەشتا هەزار کەس دەخەمڵێنرا، لەم ژمارەیەدا حەوت هەزار کەس لەماوەی دوو هەفتەدا گیانیان لەدەست دا''**(Ryland, 1857, 24).

دیمەنی قەڵای کەرکوك و چۆنیەتی هەڵکەوتنی لەلایەن زۆربەی گەڕیدەکانەوە بۆتە جێگای سەرنج، لەم ڕووەوە کاتێك کە قەشەی ئەمریکیی هۆراشیۆ ساوسگێت H. Southgate لە ساڵی(1840)دا سەردانی کەرکوك دەکات، روخساری دەرەوەی شاری کەرکوك، بە قەڵاکەیەوە، بە هەمان ئەوەی شاری هەولێر دەچوێنێت. ناوبراو باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە بەشێکی شارەکە لەسەر ترۆپکی گردێکی رووتەختدا هەڵکەوتووە، کە بەرزاییەکەی لەنێوان(100) بۆ (150) پێ دەبێت، چێوەکەشی نزیکەی میلێك و نیو دەبێت. هەروەها نووسیویەتی کە ئەم بەشەی شارەکە بە دیوار دەورە دراوە، لاپاڵی گردەکەش زۆر لێژە بە جۆرێك تەنها بە شێوە رۆیشتنی خوار و خێچ دەتوانی بەسەریدا سەربکەویت. هەرچی بەشەکەی دیکەی شارەکەیە، کە مەبەستی بەرقەڵایە، گەورەترین بەشی شارەکەیە و کەوتۆتە لای باشوور و رۆژهەڵاتی گردەکەوە(Southgate, 1840, 209).

هەرچەندە هەندێك لە سەرچاوەکان بە شێوەیەکی وا وەسفی شاری کەرکوکیان کردووە کە بێ سەر و بەر و وێرانی پێوە دیار بووبێت، بەڵام لە یەکێك لە گەشتنامەکاندا ئەوە تۆمار کراوە:"خۆشحاڵبووین بەوەی جارێکی دیکە پێمان نایە ناو وڵاتێکی شارستانەوە، هەر ماڵێك لە ناوەڕاستی باخچەیەکی بەپیتدا هەڵکەوتووە" (Bowman, 1853, 79). هەرچی ژۆزێف بنیامینە ئەوا ئەمیش باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە شارەکە "لە دوو بەشی جیاواز لەیەکتری بنیاتنراوە، یەکەمیان قایمە و لەسەر گردێکی بەرزدا هەڵکەوتووە و پڕە لە خەڵك، ئەوەی دیکەشیان لە دەشتەکەدایە. ئەم ناوچەیەی دوایی پەیڕەوکەرانی ئایینەکەمانی[مەسیحییەکان-توێژەر]لێ نیشتەجێیە و مەڵبەندی کاروباری بازرگانییە". هەروەها ناوبراو باس لە گرنگی شوێنی هەڵکەوتنی شارەکە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا باسی خراپی رەوشی ڕێگاوبانەکانی دەکات، بەجۆرێك بەردە زەبەللاحەکان و زەلکاوەکان کە بەهۆی ئاوە چەقبەستووەکانەوە دروست بووە، لەکاتی باران باریندا وا پیشان دەدات کە شارەکە لە زەلکاوێکی گەوردا نقووم بووبێت و کەس زاتی ئەوە نەکات پیایدا تێپەڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا بنیامین باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە خانووەکانی کەرکوك باشترن لەو خانووانەی کە لەناوچەکانی دیکەی کوردستاندا هەن(Benjamin, 1859, 103). ئەمە و ئەدۆڵفۆ ریڤادینێرای گەڕیدەی ئیسپانی لەساڵی(1869) باسی ئەوەی بۆ کردووین کە ئەوکاتەی لە(16ی تەموز)دا گەیشتبوونە شارەکە دیمەنێکی ناوازەی بینیوە و نووسیویەتی:"...بەر لەوەی لە زێی خاسە بپەڕمەوە، دیمەنە چەقبەستوو وشکاوییەکە بەتەواوی گۆڕرا، دیمەنێکی تری سەرسوڕمێنم لێ بەدیارکەوت، هەتا ئەوەی وامزانی دەچمە ناو جیهانێکی دیکەوە. برژانگە داکەوتووەکانم لە توندی ماندوێتی و گەرمادا بەرزکردەوە، تاکو چێژ لەم جوانییە ببینێت: کێوەکانی سلێمانی بە بەفرە بەردەوامەکانییەوە لەدوورەوە سەریان بەرزدەکردەوە. لە دۆڵێکی بەپیتی سەرسوڕمێندا کە لەلای چەپمەوە درێژ دەبێتەوە، کەرکوکی بە قەڵا و باخ و خانووەکانی، تیا هەڵکەوتووە. رووت لە هەر کوێیەك کرد سەوزایی زەوی دادەپۆشێت، دۆڵەکان لەگەڵ کێوەکاندا راهاتبوون، ئاویش وەکو ئەوەی تاڵی زیوین بێت، گوزەری دەکرد، [مانای-توێژەر]بزاڤ و زیندەگی دەگەیاند"(ریڤادینیرا، 2009، 97).

لۆچەر لەساڵی(1889)دا وێنایەکی جوانی ئەو دیمەنانەی بۆ کردووین لەو کاتەی کە لە بەرەبەیانێکدا گەیشتۆتە کەرکوك، ناوبراو نووسیویەتی:"...قەڵای کەرکوك، لەسەر گردێکی گەورە، یان گردێکی زۆر لێژ، لە قوڕی سووری وشککراوە بنیاتنراوە، بەبەرزایی دوو سەد پێ یان زیاتر، میلێك بۆ دوو میلی چێوەکەی لەلای بنکەکەیەوە...لەگەڵ نزیکبوونەوە لێی دیمەنەکە تا ئەوپەڕی جوانتر بەدیار دەکەوت. تیشکی خۆری شکۆدار، کە بە گەورەیی خۆیەوە لەودیوی لوتکە تاریك و سەختەکانی تەپەی عەلی Tebl Ali [بەم شێوەیە تۆماری کردووە-توێژەر]هەڵدەهات، ئەو کاتەش (قەرەداغ) بەشێوەیەکی جوانتر دیمەنەکەی دەڕازاندەوە، بریسکەی خۆی لە قەڵا

سەرکەشەکە، منارە بەرزەکان و گومەزە شوشەییە گەورەکانی سەرجەم مزگەوتەکانی ئەوشارۆچکەیەی قەدپاڵی قەڵاکە دەدا " (Locher, 1890, 368).

هەرچی ژاك ڕێتۆرێیە کە لەساڵی(1879)سەردانی شارەکەی کردبوو، نووسیویەتی:"کەرکووك بە هەمان شێوەی ئەربیل، لەسەر گردێکی ئاشووری بنیاتنراوە، لەوێش شارەکە دابەشی سەر قەڵا یا بەرزەشار و نزمەشار بووە. زۆری ئاو ڕێگەی پێداون باخچەی گەلێك جوان دروست بکەن کە هەموو درەختە گەرمەکانی تێدا دەبێ: دارپرتەقاڵ، دارهەنار، لیمۆ، دارخورما. لەگەڵ گوڵاو و بۆنە ئاوێك بەکار دەهێنن کە نەریت وایە بەسەر جل و بەرگی ئەو کەسانەی دەپرژێنن کە هاتوون سەردانیان بکەن. وێڕای ئەوەی لەوەی بەغدا کەمتر چاڵاك ترە، دارخورما دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بەشێوەیەك لە هەموو ماڵێکی نزمەشاردا، دەبینین سەری شکۆی بەرز کردۆتەوە و بە هێشووی گەورە تێکەڵی منارە و گومەزی مزگەوتەکان دەبێ، ئەوەی کە دیمەنێکی دڵڕفێن و ڕەنگێکی تەواو ڕۆژهەڵاتیانەی بە شارەکە بەخشیوە'' (ڕێتۆرێ، 2008، ل33).

هەر لە حەفتاکاندا گەڕیدەیەکی ئەمریکی باسی ئەوەمان بۆ دەکات کەوا لەو کاتەدا شارەکە لە سێ بەش پێك دەهات، یەکەمیان لەسەر گردێکدا هەڵکەوتبوو، کە بەشی قایمکاری شارەکە بووە و موسڵمانی تێدا نیشتەجێ بووە، ئەمە و باسی ئەوەشمان بۆ دەکات لەو بەشەی شارەکەدا منارەی سێ مزگەوت دەبینرێت. بەشی دووەمی شارەکەش لە پێدەشتی قەڵاکەدا بووە و کاروانسەرا و قاوەخانە و بازاڕی تێدا بووە کە موسڵمان و نەستووری و کلدانی تێدا نیشتەجێ بووە. هەرچی بەشی سێیەمە ، کە بچووکترین بەشی شارەکەبووە، ئەم بەشەیان لەو دیوی زێیەکەدا هەڵکەوتووە و باخچەی داری خورما و پرتەقاڵ و زەیتوونی لێ بووە ,Newman) (220 ,1876. ئەم جۆرە دابەشکردنەی کەرکوك بۆ سێ بەشی جیاواز، پێش نیومانیش ئاماژەی پێدراوە، بۆ نمونە لە ساڵی(1866)دا گەڕیدەیەکی دیکە وەکو" شارێکی گەشاوە" وەسفی کەرکوك دەکات، پاشان باسی دابەشبوونی شارەکەی بۆ سێ بەش کردووە(Pollington, 1867, 351). لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا، کە لە ساڵی(1885)دا لە ئەمریکا چاپکراوە، هەمدیسان لە باسی شاری کەرکوکدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە سێ بەشی جیاواز پێکدێت. یەکەمیان بریتییە لە قەڵا کە کەوتۆتە سەر گردێکی دەستکرد بە بەرزایی(130) پێ. بەشی ژێرەوە، کە مەبەستی ئاوەدانییەکەی بەرقەڵایە و بە شێوەی نیمچە بازنەیی دەوری شارەکەی داوە، بەشی سێیەمیش ئەوەی دەوروبەر بووە، کەوا خانوو و باخچەکانیان کەوتوونەتە سەر کەناری لای راستی زێیەکە(Reclus, 1885, 225).

لەساڵی(1856)دا کلیمانی گەڕیدەی فڕەنسی لە وەسفی شاری کەرکوکدا باسی ئەوەی کردووە کە شارەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان بریتییە لە بەرزەشار(سەرقەڵا)، ناوبراو لە باسی قەڵا و خانوەکانی سەرقەڵادا نووسیویەتی:"...هەرچەندە تاکو ئێستا بە دیوار دەورە دراوە، بەڵام لە بارێکی زۆر خراپدایە، بە جۆرێك ناتوانرێت بۆ بەرگریکردن بەکاربهێنرێت. شەقامەکان پۆخڵ و تەنگەبەرن و بەشێوەیەکی خراپ شۆستە کراون. خانووەکان، کەوا هەموویان لە بەردی پتەو و رووکەشکراو بە چینێکی بەهێز لە گەچ بونیادنراون، لە ناوەوەیاندا زۆر شێدارن، وەکو هەموو ئەوانەی تورکیای ئاسیایی تەنها لە یەك چین و لەسەر زەویدا بونیادنراون". هەرچی ئاوەدانییەکەی بەرقەڵاکەیە ئەوا وەکو کلیمان باسی دەکات، لەوەی سەرقەڵا زۆر گەورەتر بووە و بازاڕ و بازرگانییەکەشی تا ئەو پەڕی چالاك بووە، بەڵام خانووەکانی بەشێوەیەکی خراپتر دروستکرابوون(Clément, 1866, 199_200).

شایانی باسە بەپێی ئاماژەی سەرچاوەیەکی فڕەنسی و لە باسی سەنجەقی شارەزووردا، کە ئەوکاتە شاری کەرکوك مەڵبەندەکەی بووە، باسی ئەوەی بۆ کردووین کە هەرچەندە شارەکە بە خراپی بونیادنراوە، بەڵام تا ئەوپەڕی گرنگە، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەرزەشار کە بە(قەڵا) ناسراوە، ئەوەی دیکەش نزمەشارەکەیە(Cuinet, 1892, 851). ئەو گەڕیدە رووسەی کە لەساڵی(1873) سەردانی شاری کەرکوکی کردبوو، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا کە شاری کەرکوکی بە یەکەم شاری سەرەکی کوردی هەژمار کردبوو، ئەمەشیان نووسیویەتی کە شارەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، گەڕەکی دەوروبەر(قۆریە) لە کەناری لای راستی روباری(خاسە)، ئینجا قەڵا، سێیەمیشیان شارەکەی بەرقەڵایە کە چێرنیکس بە **''شارە کردارەکییەکە''** ناوی دەبات. هەروەها ناوبراو لە باسی قەڵاکەدا نووسیویەتی: **''لەسەر لوتکەی گردێکی کۆندا هەڵکەوتووە کە بەرزاییەکەی(40)مەتر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو شارێکی بچووکیش وایە''**(Cerniks , 1876 , 43-44).

### 3. دامەزراوە ئایینی و فێرکاری و خزمەتگوزارییەکان:

سەبارەت بە هەندێ رووی لایەنی ئاوەدانی شاری کەرکوك، وەکو مزگەوت، کڵێسا، کەنیشتە، قوتابخانە، قاوەخانە، خان و گەرماو و...هتد، ئەوەی لە نووسین و یادداشتی بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، دەکرێ لەم رووەوە ئاماژە بە چەند لایەنێك بکەین.

سەبارەت بە مزگەوتەكانی شاری كەركوك، لەساڵی(1813)دا كينێی گەڕيدەی بريتانی، ئاماژە بە هەبوونی(7)مزگەوت لە بەشە ئاوادانييەكەی بەرقەڵاكە دەكات، هاوكات ناوبراو باسی ئەوەشی بۆ كردووين كە لە بەشە ئاوەدانييەكەی دەوروبەر(قۆريە)دا (5) مزگەوت هەبوون، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە مزگەوتەكانی سەر قەڵا بكات(Kinneir, 1813, 297_298). وابێدەچێت ئەم گەڕيدەيەی دووای سەردانی سەرقەڵای نەكردبێت، بۆيە لە گەشتنامەكەيدا ئاماژەی بە هەبوونی مزگەوت لەسەر قەڵاكە نەكردووە.

كاتێك بەكنگهامی گەڕيدە لەساڵی(1816)دا وەسفی قەڵای كەركوكی بۆ كردووين، ئاماژە بە بوونی منارەی (3)مزگەوت لەسەر قەڵاكەدا دەكات، كە لە خانووەكانی ديكە بڵندتر بوونە. ئەمەو لە وەسفی بەشی ئاوەدانييەكەی بەرقەڵاكەشدا، كە بەكنگهام بە بەشی دووەمی پێكهاتەی ئاوەدانی شاری كەركوكی هەژمار كردووە، نووسيويەتی:"جگە لە منارەی دوو مزگەوت، زياتری لێ نابينرێت، چونكە خەڵكەكەی هەمووييان موسڵمان نين"(بكنغهام، 1969، 146). وا ديارە بوونی مزگەوتی زياتر لە سەرقەڵاكەدا ئەميش بەهۆی ئەوەوەيە كە تەنها خەڵكانی موسڵمان لەوێ نيشتەجێ بوونە، پێكهاتە ئايينييەكانی ديكەی وەكو جوولەكە و ديان رێگايان پێ نەدراوە لەسەر قەڵاكەدا نيشتەجێ بن. دواجار بەكنگهام سەرنجی خۆی لەبارەی هەرسێ بەشەكەی شارەكەدا دەخاتە روو و نووسيويەتی:"بەپێی ئەوەی كە رێبەرەكەم بۆی باسكردم و لەگەڵ ئەو زانيارييانەشدا كە لە خەڵكانی ديكەم لەبارەی هەمان بابەت[مەبەستی رووەكانی ئاوەدانييە-توێژەر] دەسكەوت، لەو هەر سێ بەشەی كەوا شاری كەركوك پێك دەهێنن، دە مزگەوت...هەن"(بكنغهام، 1969، 146).

هەرچی پۆرتەری گەڕيدەيە، لە گەشتنامەكەی خۆيدا باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە بەشە ئاوەدانييەكەی قەدپاڵی قەڵاكە پڕيەتی لە منارە و گومەز، كە بەشێوەيەكی جوان لە لە ژمارەيەك مزگەوتدا بەرزبوونەتەوە(Porter, 1822, 439). شايانی باسە كە پۆرتەر هيچ زانياريمان لەبارەی ژمارەی مزگەوتەكان پێنادات، وا پێدەچێ ناوبراو ئەوەندە بەلايەوە گرنگ نەبووبێت كە باسی ئەم روانەی ئاوەدانی شارەكە بكات، بەڵكو هەروەكو بەديار دەكەوێ زياتر گرنگيی بە سەردانيكردنی چاڵە نەوتييەكان و سەردانيكردنی ئەو شوێنە داوە كە (بابە گوڕگوڕ)ی پێ دەڵێن، هەروەكو لە تۆمارەكانی رۆژانەی گەشتنامەكەيدا بەديار دەكەوێت.

شايانی باسە كە لە گەشتنامەيەكی فەڕەنسيشدا كە لەساڵی(1878) چاپكراوە، ئاماژەی بە بوونی(3) مزگەوت لەسەر قەڵاكە كردووە، بەبێ ئەوەی هيچ زانياری ديكە لەبارەی مزگەوتەكانی بەشەكانی ديكەی شارەكە بەدەستەوە بدات(Coste, 1878, 400). هەروەها كتێبێكی فەڕەنسی چاپكراوی ساڵی(1892)، بەهەمان شێوە ئاماژەی بە بوونی(3) مزگەوت لە سەرقەڵاكە كردووە، لە شارەكەشدا بەشێوەيەكی گشتی(32) مزگەوت هەبووە(Cuinet, 1892, 851). هەروەها بۆ سەلماندنی ئەم زانيارييانەی دوايی، پێمان باشە ئاماژە بەوە بدەين كە تەنانەت لەسەدەی هەژدەهەميشدا، نيبۆری گەڕيدەی دانيماركی ئاماژەی بە هەبوونی(3) مزگەوت لەسەر قەڵادا كردووە(نيبور، 1965، ص85). هەرچی لۆچەرە، لە لەگەشتنامەكەيدا لەساڵی(1889) ئاماژە بە بوونی ژمارەيەكی زۆر لە مزگەوت لە شاری كەركوك كردووە، كە منارەی بەرز و گومەزی شوشەيی گەورەيان هەبووە (Locher, 1890, 368 ).

شايانی باسە هەر دوو ساڵنامەی ساڵی 1891 و 1895 ويلايەتی موسڵ، ئاماژە بە بوونی(36)مزگەوت لەشاری كەركوك كراوە(موصل سالنامه سي، 1308ه، 139 ؛ موصل سالنامه سي، 1312ه، 298). هاوتای ئەم زانيارييانەی لە ساڵنامەكاندا سەبارەت بەژمارەی مزگەوتەكان لە كەركوك خراوەتە روو، شەمسەدين ساميش لە (قاموس الأعلام)ەكەيدا ژمارەی مزگەوتەكانی كەركوكی بە(36)مزگەوت داناوە(تاقانە، 1998، 290). دوای خستنەڕووی زانيارييەكانی سەرەوە لەلايەك، ئەوەی دواتريش لەلايەن ساڵنامەكان و قاموسی ئەعلامی شەمسەدين سامی بڵاوكراونەتەوە، دەگەينە ئەوەی كەوا ژمارەی مزگەوتەكانی كەركوك لەرووی ژمارەوە زيادیان كردووە، پێمان وايە ئەمە پەيوەندی هەبووە بە زيادبوونی ژمارەی دانيشتووانی كەركوكەوە، بەتايبەت كە ئەگەر بەراوردێك بكەين لە نێوان ژمارەی دانيشتووانی شارەكە لە سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەهەم، لەگەڵ ئەوەی كۆتاييەكانی هەمان سەدە، بۆمان دەردەكەوێت كە نزيكەی دوو بۆ سێ هێندە زيادی كردووە.

سەبارەت بە كڵێساكانی شاری كەركوك، لەساڵی(1813)دا كينێی گەڕيدەی بريتانی لە گەشتنامەكەيدا ئاماژەی بە هەبوونی (1)كڵێسای ئەرمەنی و (3)كڵێسای كاسۆليكی (3) دێر لەشارەكەدا كردووە(Kinneir, 1813, 297_298 ). هەرچی بەكنگهامە، دوای دوو ساڵ ئاماژە بە هەبوونی (4) يان (5) شوێنی پەرستشی پێكهاتە ئايينييەكانی ديكەی شارەكە كردووە، بەڵام بەبێ ئەوەی لێكيان جيا بكاتەوە، واتا بەشێوەيەكی گشتی ئاماژەی بۆ كردوون(بكنغهام، 1969، 146). مزگێنيدەرێكی فەڕەنسی كاسۆليك كە لەساڵی(1826)دا گەيشتبووە كەركوك، ئاماژەی بە هەبوونی دەوروبەری (3)هەزار كەسی كلدانی كاسۆليك لەشارەكە كردووە. ئەمە و هەمان گەڕيدە باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە چۆن كڵێسايەكی گەورەی كۆنی لەشارەكەدا بينيوە و سەرنجی راكێشاوە، ئاماژەشی بەوە

کردووە کە کڵێساکە لە سەدەی چوارەمی زاییندا بنیاتنراوە. ئەمە و ئاماژەی بە هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەواری گۆڕی پیاوچاکانی، ئەوانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان، لە شارەکەدا کردووە(Annales…, 1828, 122).

وادیارە سەبارەت بە خستنەڕووی ژمارەی کڵێساکان لەشاری کەرکوکدا، بەپێی ئەوەی لە نووسین و یادداشتی بیانییەکاندا تۆمارکراوە، جیاوازی بەدی دەکرێ، بۆ نمونە بەپێی نووسراوێکی کەسایەتییەکی ئایینی لە(جەبەل لوبنان) کە لەساڵی(1841) بۆ کەسانی سەرووی خۆی ناردووە، باسی گەشتی یەکێك لە پیاوانی ئایینی بۆ شاری کەرکوکی کردووە، لە نووسراوەکەیدا ئاماژە بە هەبوونی(3) کڵێسا لەشارەکە کراوە. کەچی دواتر لە خشتەیەکدا ئاماژە بە هەبوونی(9) کڵێسا لە کەرکوك کراوە (Annales of the Propagation…, 1842, 99_100). پێمان وایە مەبەستی ئەم پیاوە ئایینییە لە(3) کڵێساکە ئەوەیە کە کڵێسا تایبەتەکانی تایبەت بە کلدانەکان بووە، کەچی ئەوەی لە خشتەکەدا ئاماژەی بۆ کردووە ئەوا ژمارەی کۆی کڵێسا و دێرەکانی تایبەت بە سەرجەم مەسیحییەکانی شاری کەرکوك بووە.

لە نیوەی دووەمی چلەکاندا، لە سەرچاوەیەکی مزگێنیدەریدا هاتووە کە لەو ماوەیەی لە کەرکوك کاریان کردووە، سەردانی کڵێسایەکی کۆنی نەستووریان کردبوو، کە دواتر بۆ کڵێسای رۆمی کاسۆلیکی گۆڕدراوە، ناوەکەشی بە (کڵێسای کرمیز Kelesia Kermiz) واتا (کڵێسای سوور) ناوبردووە. دیارە هۆکاری ئەم ناو لێنانەشی، وەکو باسی لێوە کراوە، بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کەوا پەیڕەوکەرانی کڵێساکە ژمارەیەکی زۆیان کوژراون و خوێنیان رژاوە لە پێناو بیروباوەڕەکەیاندا (Jewsh Intelligence…, 1848, Vol: XIV, 296). کاتێك لەساڵی(1857) ئێپشتاین سەردانی کەرکوکی کردبوو، ناوبراو بە روخسەت وەرگرتن لە قەشەیەکی کلدانی سەردانی کڵێساکەیانی کردووە و هەر لەوێشدا چاوی بە ژمارەیەك لە جوولەکە و خەڵکانی مەسیحی سەر بە ئایینزای پرۆتستانتی کەوتووە. ناوبراو هیچ ئاماژەیەك بە ژمارەی کڵێساکانی شارەکە ناکات( Jewish Missionary Intelligence, 1893, 168 ).

لێکلامای گەڕیدە لە شەستەکاندا نووسیویەتی:"...لە گەڕانێکمدا بە پیادە چوومە گوندی قۆریەی مەسیحیی، کە دەکەوتە دووری سەراوە، باخچەکان لێکی جیا دەکردنەوە و داری زەیتوونی زۆر جوان و درەختی دیکەی میوەمان دەبینی. هەر لەوێدا ژمارەیەك لە کڵێسا یا ئەو کڵێسایانە هەبوون کە ئەمڕۆکە بوونەتە مزگەوت...گەورەترینیان، هەرچەندە کە سادەش بوو، تا ئێستاکەش بۆ پەرستشی کلدانی کاسۆلیك بەکاردەهێنرێت" (Lycklama, 1874, 87). هەرچی چێرنیکسی گەڕیدەی رووسییە، ئەوا لەساڵی(1873)دا ئاماژەی بە بوونی کڵێسایەکی کۆنی نیمچە خاپوور لە شارە کردووە کە لە دووری کیلۆمەترێك لە قەڵاکە هەڵکەوتبوو (Cerniks , 1876 , 43-44). وا دیارە مەبەستی ئەمەی دوایی ئەو کڵێسایەیە کە بە(کڵێسای سوور)یش بەناوبانگە، کەوتۆتە بەشی رۆژهەڵاتی شاری کەرکوك(عەبدولڕەحمان، 2019، ل199).

کاتێك لەساڵی(1878)دا ژاك رێتۆرێی سەرۆکی مسیۆنی فرەنسی سەردانی کەرکوکی کردووە، هەرچەندە پازدە رۆژیش لەشارەکە ماوەتەوە، کەچی ئاماژە بە ژمارەی کڵێساکانی شارەکە ناکات، بەڵام لە گەشتنامەکەیدا ئاماژەی بە گرنگیی کەرکوك لە مێژووی ئایینی مەسیحیدا کردووە، ناوبراو نووسیویەتی:"کەرکووك لە ساڵنامە مەسیحییەکانی یەکەم سەدەی مەسیحیایەتیدا بەناوبانگە. هەزاران شەهید خوێنی خۆیان ڕشتووە بۆ ئایین لە ژێر چەوساندنەوەی فارسەکان. ئەمڕۆ و ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ کەرکوك، شاری کڵێسەی مار تامزگار، کە لەسایەی دەورانی کۆنستەنتیندا دروستکراوە..."(رێتۆرێ، 2008، 32_33؛Lycklama, 1874, 87.). هەروەها لە نەوەتەکاندا لەسەرچاوەیەکی فرەنسیدا باس لە بوونی کڵێسایەك بەناوی(مار تامزگار Mar Tamasghar) لەشارەکە کراوە (Cuinet, 1892, 851). وا دیارە ئەو کڵێسایەی کە لەم سەرچاوەیەی دواییدا ناوی هاتووە، هەمان ئەو کڵێسایەیە کە پێشتر لەساڵی(1878)دا رێتۆرێ ئاماژەی پێداوە.

سەرەڕای ئەوانەی باسکران لەبارەی کڵێساکانی کەرکوك، کەچی دەبینین لە یەکەم ساڵنامەی ویلایەتی موسڵدا لە ساڵی(1891) ئاماژە بە بوونی (5) کڵێسا و کەنیشتە کراوە، بەبێ ئەوەی ژمارەی هەر یەکێکیان بەجیا دیاری بکات(موصل سالنامه سي، 1308ه، ص139)، بەڵام سێیەم ساڵنامەی ویلایەتەکە لەساڵی(1895)دا ئاماژەی بە بوونی(3) کڵێسا لەشارەکە کردووە(موصل سالنامه سي، 1312ه، 299). ئەم زانیارییە لەبارەی هەبوونی(3) کڵێسا لە شاری کەرکوك لە (قاموس الأعلام)ەکەی شەمسەدین سامیشدا دووپات کراوەتەوە(تاقانە، 1998، 290).

سەبارەت بە کەنیشتەکان، وەکو شوێنی پەرستشی جوولەکەکانی کەرکوك، هەرچەندە سەرچاوە بیانییەکان شتێکی ئەوتۆ لەبارەی ژمارەیان بەدەستەوە نادەن، بەڵام دیارە کە هەبوونی ژمارەیەکی باشی جوولەکە لە شارەکەدا، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەبێ شوێنێکی تایبەتی بۆ پەرستش و رێوڕەسمی ئایینیان، شتێکی نا لۆژیکە. لەم رووەوە یەکێك لە مزگێنیدەرەکان لە کۆتاییەکانی چلەکاندا ئاماژە بە سەردانیکردنی کەنیشتەیەکی جوولەکان لە شارەکە دەکات، باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە چۆن هەوڵیداوە

لەگەڵ خەڵکەکە قسە لەبارەی حەزرەتی مەسیح بکات، بەڵام بە هۆی نەزانیی خەڵکەکەوە، وەکو خۆی باسی دەکات، نەیتوانیوە شتێکی ئەوتۆ ئەنجام بدات و هیوای ئەوەشی خواستووە لە سەردانییەکانی داهاتوویدا بۆ شاری کەرکوك دەرفەتی زیاتری هەبێ بۆ گەیاندنی پەیامەکەی(Jewsh Intelligence…, 1848, Vol: XIV, 296). شایانی باسە کە لە سێیەم ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی ساڵی(1895)دا ئاماژە بە هەبوونی تەنها(1) شوێنی پەرستشی جوولەکەکان لە کەرکوك کراوە(موصل سالنامە سي، 1312ه، 298). هەمان شتیش لە(قاموس الأعلام)دا، واتە هەبوونی تەنها(1) کەنیشتەی جوولەکەکان لەشارەکە، ئاماژەی پێ کراوە(تاقانە، 1998، 290).

لەبارەی قاوەخانەکانی شاری کەرکوکەوە، لە ساڵی(1813) کینێی گەڕیدە باسی لە بوونی(27) قاوەخانە لە هەردوو بەشی ئاوەدانییەکەی پێدەشتی قەڵا کردووە، بەجۆرێك(14)یان دەکەوتنە بەشەکەی بەرقەڵاوە، بەڵام (13)کەی دیکەیان لە ئاوەدانییەکەی دەوروبەر(قۆریە) هەڵکەوتبوون(Kinneir, 1813, 297_298 ). دوای سێ ساڵ، بەکنگهام باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لەشاری کەرکوکدا، لە هەر سێ بەشەکەیدا (24) قاوەخانە هەبوون(بکنغهام، 1969، 146). شایانی باسە پرسی پەیوەندی نێوان قاوەخانەکان و توێژە خوێندەوارەکە(ئەفەندی) لەشاری کەرکوك لەلایەن سۆن Soane ی گەڕیدەی بریتانییەوە وروژێنراوە، ناوبراو پێی وایە کە توێژە خوێندەوارەکە(ئەفەندی) دوای تەواوکردنی خوێندن و گەڕانەوەیان بۆ شارەکە، لەقاوەخانەکاندا کاتیان بەسەر دەبرد Soane, (1912, 120).

سەبارەت بە گەرماوەکانی شاری کەرکوك، لەو سەرچاوە بیانیانەی بەدەستمان کەوتوون، بەکنگهام لەساڵی(1816)دا ئاماژەی بە بوونی(2) گەرماو داوە لە شارەکەدا(بکنغهام، 1969، 146). دوای زیاتر لە حەفتا و پێنج ساڵ، سەرچاوەیەکی دیکە باسی بوونی(8)گەرماو لەشارەکە کردووە(Cuinet, 1892, 852). شایانی باسە کە لەیەکەم ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی عوسمانیدا، لەساڵی(1891)دا، دوای سێ ساڵیش لە سێیەم ساڵنامەی ویلایەتەکە لەساڵی(1895)دا، ئاماژە بە بوونی(8)گەرماو لەشاری کەرکوك کراوە(موصل سالنامە سي، 1308ه، 139 ؛ موصل سالنامە سي، 1312ه، 299). هەروەها لە(قاموس الأعلام)یشدا، باس لە هە بوونی(8) گەرماو لەشارەکەدا کراوە(تاقانە، 1998، 290).

کاروانسەراکان(خان)ی کەرکوك، لە سەرچاوە بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، تاڕادەیەك باسیان لێوە کراوە. یەکەم سەرچاوەیەك کە بەدەستمان کەوتبێت و زانیاری لەم بارەوە پێدابین، بریتییە لە کینێی گەڕیدەی بریتانی، کاتێك لەساڵی(1813)دا سەردانی کەرکوکی کرد و لە گەشتنامەکەیدا ئاماژە بە بوونی(10) کاروانسەرا لەشارەکە دەکات. لەم ژمارەیە تەنها(1)یان کەوتبووە بەشە ئاوەدانییەکەی قەد پاڵی قەڵا، هەرچی(9)کەی تریانە، کە بچووك بوونە، لە بەشەکەی دەوروبەردا هەڵکەوتبوون Kinneir, (1813, 297_298). ئەم ژمارەیەی خانەکان دوای سێ ساڵ هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە, ئەمجارەیان بەکنگهام لەساڵی(1816)، ئاماژە بە بوونی(10) خان لە شارەکە بەگشتی دەکات(بکنغهام، 1969، 146). گراتان گێری لەساڵی(1878)دا باسی ئەوەی بۆ کردووین کە چۆن کاتێك گەیشتۆتە شارەکە یەکسەر روویان کردۆتە کاروانسەرایەك کە لە دوو نهۆم پێکهاتبوو، کەچی هیچ ئاماژەیەکی بە ژمارەی کاروانسەراکان نەکردووە(Geary, 1878, 15). وادیارە زۆری ژمارەی کاروانسەراکان لەشارەکە ئاماژەیە بۆ بوونی چالاکیی جموجۆڵی بازرگانی لەشارەکەدا، ئەمەش پەیوەندی راستەوخۆی بە شوێنی هەڵکەوتنی شارەکە وەکو سەرە رێگایەك و ناوەندێگی بازرگانی لەناوچەکەدا هەیە. بەتایبەتی لە میانەی ئاڵوگۆڕپێکردنی شمەك و کەلوپەلی بازرگانی لەنێوان هەردوو هەرێمی چیایی و دەشتاییدا(شوانی، 2009، 183).

کاروانسەراکانی کەرکوك لە رووی قەبارە و پاك و خاوێنی و خزمەتگوزارییەکانیانەوە وەکو یەك نەبوونە، بۆنموونە لە ساڵی(1850)دا گەڕیدەیەك باسی ئەوە دەکات رووی کردۆتە کاروانسەرایەکی شارەکە، بەڵام لەبەرئەوەی شوێنەکە زۆر پیس و پۆخڵ بووە، رووی کردۆتە ماڵی سەرۆکێکی کلدانییەکان و بەگەرمی پێشوازی لێکراوە(Bowen, 1851, 338). پێچەوانەی ئەمەی رابردوو، لە حەفتاکاندا گەڕیدەیەکی ئەمریکی باسی ئەوەی کردووە دوای ئەوەی گەیشتۆتە شاری کەرکوك لە کاروانسەرایەکی گەورە و پاك و خاوێنی شارەکەدا حەوێندراونەتەوە و شەوێکیان لەوێدا بەسەر بردووە، بەڵام هەمدیسان ناوبراویش ئاماژەی بە ژمارەی کاروانسەراکان نەکردووە(Newman, 1876, 219). لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا باسی گەیشتنی گەڕیدەیەك بەشارەك دەکات، کە دواتر چوونەتە ناو کاروانسەرایەکی بچووك، بەڵام وەکو باسی لێوەکراوە، کاروانسەراکە قەڵەباڵغ بووە بە خەڵك، وشتر، ئەسپ، هێستر و گوێدرێژ(Locher, 1890, 365). شایانی باسە لەیەکەم ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی عوسمانیدا، لەساڵی(1891)دا، دوای سێ ساڵیش لە سێیەم ساڵنامەی ویلایەتەکە لەساڵی(1895)دا، ئاماژە بە بوونی(12)کاروانسەرا لەشاری کەرکوك کراوە(موصل سالنامە سي، 1308ه، 139 ؛ موصل سالنامە سي، 1310ه، 298). هەروەها لە(قاموس الأعلام)یشدا، باس لە هە بوونی(12)

کاروانسەرا لەشارەکەدا کراوە(تاقانە، 1998، 290). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا لە نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەدا گۆڕانکاری لە ژمارەی کاروانسەراکاندا بەدی نەکراوە و وەکو خۆیان ماونەتەوە.

سەبارەت بە هەندێ دامەزراوە و دەزگا و رووی تری ئاوەدانی شارەکە، بۆ نموونە، قوتابخانەکانی کەرکوك، سەرچاوە بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا شتێکی ئەوتۆیان بۆ تۆمار نەکردووین، ئەوەی هەشە بە دەگمەن تیشکیان خستۆتە سەری. ئەوکاتەی لەساڵی(1850) جۆن بۆین سەردانی شاری کەرکووکی کردبوو، لە یادداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە قوتابیانی قوتابخانەی تایبەت بە کلدانییەکانی شارەکە، بەبێ کتێب بوون، بۆیە هەندێ دانەی کتێبی ئایینی بۆ بەجێ هێشتوون ,Bowen). (1851, p.338 لەساڵی(1878)دا ژاك ریتۆرێ باسی ئەوە دەکات کە لەناو شاری کەرکوکدا قوتابخانەیەکی کوڕان هەبووە و لەلایەن نێرەدی مزگێنیدەرییەوە پشتیوانی کراوە و منداڵەکان لەوێدا فێری نوێژ و بیروباوەڕی مەسیحیی کراون(ریتۆرێ، 2008، ل32). هەرچەندە لەو سەرچاوانەی پێشوودا هیچ ئاماژەیەك بە هەبوونی قوتابخانەی تایبەت بە جوولەکەکان نەکراوە، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی هاوچەرخدا بەدەستمان کەوتووە، لەساڵی(1815)دا قوتابخانەیەکی تایبەت بە جوولەکەکان لە شاری کەرکوك هەبووە، ژمارەی قوتابییەکانیشی(60) قوتابی بووە(العبیدي، 2014، ص276).

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا ئاماژە بە هەبوونی ژمارەیەك لە دامەزراوەی فێرکردن لەشاری کەرکوك کراوە، کە زیاتر وەکو پاشکۆی مزگەوتەکان، کە مەبەست لێی حوجرە و قوتابخانە ئایینییەکانە، بۆ موسڵمانان هەبوونە. هەمان سەرچاوە ئاماژە بە هەبوونی قوتابخانەیەك بۆ کلدانەکانی شارەکە دەکات. ئەمان و جگە لە هەبوونی دادگایەکی مەدەنی و دادگایەکی جینایەتکاری لە شارەکە کراوە. هەر لەم سەرچاوەیەدا ئاماژە بە هەبوونی(1183)دوکان و کۆگا، (1284)کێڵگەی چێنراو، (305)زەوی وەقف بۆ مزگەوتەکان، (180)باخچە، (10)تەکیە و زاویە، (18)قوتابخانەی جۆراوجۆر، (3)نانەواخانە، (64)ئاش، سەرای حکومەت و (10)بنکەی پۆلیس(Cuinet, 1892, p.852). شایانی باسە لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی(1891)دا نزیکەی هەمان زانیاری لەبارەی ئەم دامەزراوە و رووەکانی ئاوەدانی شارەکە خراوەتە روو کراوە، لەگەڵ هەندێ زانیاری دیکەی جیاوازدا، بۆ نموونە وەکو هەبوونی(2)قشڵە لە شارەکە(موصل سالنامە سي، 1308ه، ص139)، بۆیە لەوانەیە سەرچاوەی زانیارییەکانی سەرچاوەکەی پێشوو بریتی بووبێ لە بەڵگە و بڵاوکراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین کەوا دوای چوار پێنج ساڵێك، لە سێیەم ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ لەساڵی(1895)دا ژمارەی هەندێ لە دامەزراوە و شوێنەکانی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە: دوکان و کۆگاکان بوونەتە(1282)، نانەواخانەکانیش(12)، تەکیە و زاویەکان(15)، بنکەی پۆلیس(11)، ئەمە و ئاماژە بە هەبوونی(15) ئاشی ئاو، (1) قوتابخانەی روشدیە(ناوەندی)، (7)مەدرەسەی ئایینی، (15) قوتابخانەی سەرەتایی، (1) دەرمانخانە، (1) بازاڕی فرۆشتنی کەلوپەلی گران بەها، (1) دەزگای دروستکردنی پەت یان دەزوو، (20)دەزگای چنینی لۆکە و کاڵا دروستکردن، کۆگایەکیش بۆ چەك و جبەخانە(موصل سالنامە سي، 1312ه، ص298_299). بەپێی (قاموس الأعلام)ەکەی شەمسەدین سامی بێ، لەساڵی(1896)، واتا دوای یەك ساڵ، گۆڕانکاری دەگمەن لەو ژمارانەی رابردوو بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە: قوتابخانە سەرەتاییەکان بوونەتە(18) قوتابخانە، ئەمە و ئاماژە بە بوونی پردێکی سەربەستیش لە شارەکە کراوە(تاقانە، 1998، ل290).

**ئەنجام**

لەکۆتایی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

-دید و سەرنجی بیانییەکانی سەدەی نۆزدە، لەهەمبەر بارودۆخی کەرکوك جیاواز بووە، ئەمەش پەیوەندی هەبوو بە ئامانج و وەرزی سەردانیکردنی هەریەکێك لەوانەی سەردانی شارەکەیان کردووە و لەبارەیەوە نووسیویانە و زانیارییان بەدەستەوە داوە.

-ئەو بیانییانەی لەماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا سەردانی کەرکوکیان کردووە، ئامانج یاخود هۆکاری جۆراوجۆر لەپشت سەردانییەکانیان بۆ شارەکە هەبوو، وەکو ئامانجی سیاسی، سەربازی، ئابووری و کۆمەڵایەتی.

-بەهۆی ئەوەی شارەکە ناوەندێکی کارگێڕی و ئابووری بوو لەناوچەکەدا، بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکە، زۆرترین گەڕیدە سەردانیان کردووە و لەوێدا ماونەتەوە.

-هەرچەندە کورد زۆرینەی دانیشتووانی شارەکەی پێکهێناوە، کەچی بوونی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاواز لەشارەکەدا، لە دوتوێی یادداشت و تۆماری بیانییەکانی سەدەی نۆزدە، جەختی لەسەر کراوەتەوە.

-قەڵای کەرکوک، وەکو یەکێك لە رووالّەتە دیار و بەرچاوەکانی شارەکە، زۆرترین سەرنج و زانیاری لەبارەوە تۆمار کراوە، ئینجا مزگەوت، کڵێسا و کاروانسەراکان.

-لەنێو دامەزراوە و دەزگا خزمەتگوزارییەکانی شارەکەدا، لایەنی فێرکردن و تەندروستی کەمترین زانیارییان لەبارەوە تۆمارکراوە.

---

(i) لیوتینان کۆلۆنێل کینیر(1782-1830)، لەنێوان ساڵانی(1808-1809)دا لەگەڵ نێردەی جۆن مالکۆڵم هاتبووە ئێران. دواتر ناوبراو گەشتێکی بەناو ئێران و کوردستان و ئاسیای بچووکدا ئەنجامدا. لەساڵی(1824) پۆستێکی بەرزی لە کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتیی بریتانی وەرگرتووە و لە تاران نیشتەجێ بووە. لەساڵی(1830) لە تەوریز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (عەبدوڵلا، 2009، 204).

(ii) نیگار کێش و گەڕیدەیەکی بریتانی بوو، لە (ئەیلولی1818)دا لە بەغداوە دەستی بە گەشتەکەی کردووە. لە میانەی گەشتەکەیدا سەردانی چەند ناوچەیەکی کوردستانی کردووە، وەکو: سلێمانی ، کفری ، داقوق ، کەرکوك ، بازیان...هتد(ئیمۆندس ، 2004 ، 44).

(iii) لەساڵی(1796)لە باڤاریا لەباوکێکی جوولەکە لەدایك بووە، دوای هەڵگەڕانەوەی بۆ سەر ئایینی مەسیحی دەچێتە بەریتانیا و پەیوەندی بە کۆمەڵەی ناوبراوەوە دەکات.لەساڵی(1821)وەکو یەکەم مزگێنیدەری سەربە کۆمەڵەکە روو دەکاتە ناوچەکانی رۆژهەڵات و سەردانی:میسر، وڵاتی شام و میزۆپۆتامیا دەکات.لەساڵی(1824)دا بە هەولێر و کەرکوکدا خۆی دەگەیەنێتە بەغدا. بڕوانە:(غنیمة، 1998، 50) .

(iv) ئەم کۆمەڵەیە بۆ یەکەم جار لەساڵی(1809)بە پێشنیازی جوولەکەیەکی هەڵگەڕاوە بەناوی فرێی Frey دامەزرا، وەکو کۆمەڵەیەکی ئەنگلیکانی بۆ کارکردن لە نێوان جوولەکەکاندا و هێنانیان بۆ سەر ئایینزای پرۆتستانتی. بڕوانە:(غنیمة، 1998، ص76).

(v) جوولەکەیەکی هەڵگەڕاوە بوو لە لایەن کۆمەڵەی لەندەنەوە لەساڵی(1844)بۆ مەبەستی ئەنجامدانی چالاکی مزگێنیدەری رەوانەی بەغدا کرا. ناوبراو لەساڵی(1848)دا سەردانی توزخورماتوو، کەرکوك، هەولێر، موسڵ، ئەلقوش، دهۆك، زاخۆ، ئامێدی و جەزیرەی کرد. بڕوانە: (براور ، 2009، 42-43).

(vi) ناوبراو لەماوەی نێوان ساڵانی(1865-1868) بە زۆربەی ناوچەکانی رۆژهەڵات و رووسیاشدا گەڕاوە. لە بەرگی(3) و (4)ی گەشتنامەکەیدا لە چەند جێگایەکدا باسی کوردستان و شارە کوردییەکانی کردووە. بڕوانە: (عەبدوڵلا، 2009، 261-262).

(vii) بە رەگەز ئیسپانییە، لەساڵی(1841) لە شاری(بالبارایسۆ) لە چیلی لەدایك بووە. دواتر خێزانەکەیان گەڕاونەتەوە ئیسپانا. لەچەند وڵاتێکی ئەرورپ خوێندوویەتی و چەند زمانێکی زانیوە. دوای پێگەیشتنی ئەرکی کاری دیپلۆماسی پێ دەسپێردرێت و چەند جارێك پۆستی لە دامەزراوە دیپلۆماسییەکانی وڵاتەکەی لە(بەیروت)، (قودس)، (سیلان)، (دیمەشق)، (ئێران) و شوێنی دیکە پێ دەدرێت. لەساڵی(1882) لە مەدرید کۆچی دوایی کرد(ریفادینیرا، 2009،7-9).

(viii) لەنێوان ساڵانی(1872_1873)دا بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە شیاویی بەکارهێنانی هاتوچۆی ئاوی و کەشتیوانی لە هەردوو زێی دیجلە و فورات و لقەکانیان، گەشتێکی زانستی ئەنجامداوە. ئاکامی ئەم گەشتەشی لە ساڵی(1879) لە بەرگی شەشەمی بڵاوکراوەی بەشی قەفقاسی جوگرافیی شاهانەی رووسی بڵاوکردەوە. (قادر، 2019، 168-169).

(ix) گەڕیدە و مزگێنیدەرێکی فەرەنسی بوو. لە (21ی ئابی 1841) لە فەرەنسا لەدایك بووە. لەساڵی(1874) بە هاوەڵی یەکێك لە نوێنەرەکانی پاپا دەگاتە میزۆپۆتامیا و تاکو ساڵی(1879) لە نشینگەی (مار یەعقوب)دەمێنێتەوە و شارەزایی لەبارەی زمان و ئەدەبی ئاسووری-کلدانی پەیدا دەکات و قوتابخانەیەك لە ناوچەکە دەکاتەوە. پاشان لە ساڵی(1879) بە ئەرکی مزگێنیدەریی دەچێتە موسڵ، ئینجا بۆ وان پاشان بۆ قودس دەگوێزێتەوە. لە ساڵی(1908) جارێکی تر بۆ کڵێسای مار یەعقوب لە(ئەشیتا) لە هەکاری ئینجا بۆ موسڵ دەگوێزرێتەوە. لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ ئەنقەرە و دواتر بۆ ئەستانەی دووردەخەنەوە. تاکو لە14ی ئاداری1921) لە موسڵ کۆچی دوایی کرد. بڕوانە:(رێتۆرێ ، 2008، 11-15).

(x) کوڕی کونسوڵی فەرەنسا بووە لە تەرابزۆن، زمانەکانی تورکی و فارسی زانیوە. ماوەیەکی زۆر وەکو وەرگێڕ لە کونسوڵخانەکانی فەرەنسا لە رۆژهەڵات کاری کردووە، دواتر خۆیشی بۆتە کونسوڵ. لە نێوان ساڵانی (1807-1809) گەشتێکی بە ناوچەکەدا ئەنجامداوە. ئامانجی گەشتەکەشی بازرگانی و ناسینی شوێنە جوگرافییەکان بووە. (عەبدوڵلا، 2009، ل244-245).

(xi) ناوبراو لە(لیتوانیا) لەخێزانێکی پابەند بە ئایینی جولەکە لەدایك بووە. لە ساڵی(1915) چۆتە فەلەستین و لە(سەفد)نیشتەجێ بووە. دوای ئەوە بە مەبەستی کاری مزگێنیدەری و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی کۆمەڵگا جوولەکە نەناسراوەکان گەشتێکی لەنێوان ساڵەکانی(1824-1832) بە ناوچەکانی رۆژهەڵاتدا ئەنجام داوە. لەمیانەی گەشتەکەیدا بە چەند ناوچەیەکی کوردستانیشدا تێپەڕ بووە ،لە ساڵی(1946) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (براور ، 2009، 37-39).

(xii) لەڕاستیدا هەرلەسەدەی نۆزدەهەمدا، بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە و دوای ئەوەش چەند جارێك پەتا و نەخۆشی لە کوردستان و ناوچەکە بڵاوبۆتەوە، بەهۆیەوە هەزاران کەس لەناوچوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەروتی، 2013، 275-282).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم/چاپکراوە حکومییەکان:**


_سالنامەء ولایت موصل(1308ە)، مکتوبی ولایت سعادتلو حسن توفیق افندی معرفتیلە ترتیب اولنمشدر.

_سانامەء ولایت موصل(1310ە)، مکتوبی ولایت سعادتلو حسن توفیق افندی معرفتیلە ترتیب اولنمشدر.

_ سانامەء ولایت موصل(1310ە)، موصل ولایتی مطبعة سندە باصلمشدر.

دووەم/ بڵاوکراوە فەرمییەکان:

- Dikson E. D. (1894), The Outbreak of Cholera in Mesopotamia and Syria in 1889, 1890 and 1891, In: Transections of the Epidemiological Society of London, vol.xiii, Press, London.

سێیەم: یادداشت و گەشتنامەکان:

أ_بەزمانی کوردی:

_رێتۆرێ، ژاك (2008)، گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەكانی كەركوك و سلیمانی ساڵی1878 ، وەرگێرانی: د.نەجاتی عەبدوڵڵا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی.

_ریچ، کلودیوس جەیمس ( 2012)، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820 ، وەرگێرانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی چوارەم ، چاپخانەی خانی ، دهۆك.

ب-بەزمانی عارەبی:

_الأمين، محمود حسين(المترجم) (1968)، رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر، بغداد.

_اوليفييه (1988)، رحلة اوليفييه الى العراق1794-1796، ترجمة:يوسف حبي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد.

_بكنغهام، جمس ( 1969)، رحلتي الى العراق سنة 1816، ترجمة:سليم طه التكريتي، مطبعة اسعد، بغداد.

_ريفادينيرا، ادولفو،(2009)، من سيلان الى دمشق ، ترجمة: صالح علماني ، الطبعة الاولى ، دار االمدى للثقافة و النشر ، بيروت.

_حداد، بطرس(المترجم) (2011)، رحلة دوبريه الى العراق(1807-1808م) ، بيت الوراق للطباعة و النشر ، بغداد.

_المحامي، عباس العزاوي(المترجم) (1948)، رحلة المنشيء البغدادي ، شركة التجارة و الطباعة المحدودة ، بغداد.

ج--بەزمانی ئینگلیزی:

- Benjamin, J. J. (1863), Eight Years in Asia And Africa from 1846-1855,Hanover.
- Fletcher, J. P. (1850), Notes from Nineveh and Travels in Mesopotamia, and Assyria, and Syria, Philadelphia.
- Bowman, Anne (1853), Travels of Rolando or a tour round the World, George Routledge, London.
- Chesney, Francis Rawdon (1868), Narrative of the Euphrates Expedition, ccrried by the british government During the years 1835, 1836 and 1837, Longman Green and Co., London.
- His Sister (Without Date), Memorials of John Bowen, Ballantyne and printers. London.
- Geary, Grattan (1878), Through Asiatic Turkey. Narrative of a Journey from Bombay to the Bosphorus,Vol. II, Gilbest and Rivington, London.
- Hillel, Rabbi David D' Betii, (1832), The Travels of Rabbi David D' Betii Hillel, from Jerusalem, Through Arabia, Koordistan, Part of Persia, And India, To Madras, Madras.
- kinneir, John Macdonald (1813), A Geographical Memoir of the Persian Empire, Accompanied by a Map ,John Murray , London.
-Locher, A. (1889),With Star and Crescent, Aetna Publishing Company, Philadelphia.
-Newman, John. P. (1876), The Thrones and Palaces of Palaces of Babylon and Nineveh a Thousand Miles on Horseback, New York.
-Polington, Viscount (1867), Half Round the Old World, Bing some account of a tour in Russia, the Caucasus, Persia, and Turkey, 1865-66, J. Swift, Regent Co., London.
- Porter , Robert ker (1822) , Travels in Georgia , Persia, Armenia , Ancient Babylon , during the years 1817 , 1818 , 1819 , 1820 ,vol.II , Longman, Hurst press ,London.
-Ryland, J. E. (1857), Memoirs of John Kitto, Author of " Daily Bibble Illustrations", Vol: II, New york.
- Rassam, Hormuzd (1897), Asshur and the land of Nimrod , Eaton and Mains , New York.
- Soane E. B.(1912),To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise, London.
- Southgate, Horatio (1840), Narrative of a tour through Armenia Kurdistan, Persia, and Mesopotamia, vol.II, brand bury and Evans, London.
- Stern, Henry (1854), Dawning's of Light in the East, Wertheim and Macintosh, London
- wolff, Joseph (1861), Travels and Adventures of Joseph Wolff, F.Shoberl Printer, Londen.

**د-بەزمانی فرەنسی:**

-Coste, P. X. Coste (1878), Mémoires d'un Artiste, Notes et Souvenirs de Voyages (1817-1877), Marseille.
-Hoefer, M. Fred (1878), Chaldee, Assyrie, Medie, Babylonie, Mesopotamie, Phenicie, Palmyrene, Paris.
- Nijeholt, Chevalier Lycklama, Voyage en Russie , au Caucase et en Perse , dans la Mésopotamie, le Kurdistan , la Syrie , la Palestine et la Turquie , exécute pendant les années . 1865 . 1866 , 1867 et 1868 , Vol: IV , Paris.
-Oppert, Jules (1863), Expédition Scientifique En Mésopotamie Exécutée par Ordre du Gouvernement de 1851-1854, Tome: I, Paris.

**سێیەم/ کتێب:**

**أ_-بە زمانی کوردی:**

-تاقانە، ئەحمەد(وەرگێر)(2010)، قامووسئەعلامی شەمسەدین سامی/ کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

-شوانی، بەختیار سەعید مەحمود(2009)، کەرکوك لە سەدەی نۆزدەهەمدا/ لێکۆڵینەوەیەك اە بارودۆخی رامیاری و ئابووری، چاپی یەکەم، سلێمانی.

- عەبدولڕەحمان، دڵشاد مەحمود(2019)، بارودۆخی کۆکەڵایەتیی شاری کەرکووك(1921-1958)، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، د.نەجاتی(2009)، بیبلۆگرافیای کوردناسی کورد و کوردستان لە سەرچاوە فرەنسییەکاندا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
-هەروتی، سەعدی عوسمان (2013)، چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان لەسەردەمی عوسمانییدا، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

**ب_-بە زمانی عارەبی:**

-براور، اريك(2009)، يهود كردستان، ترجمة:شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتان ،دار آراس الطبعة الثانية، اربيل.
-البوتاني، عبدالفتاح(2007)، دراسات و مباحث في تأريخ الكورد و العراق المعاصر، مطبعة حجي هاشم، الطبعة الأولى، اربيل.

**ج_-بەزمانی ئینگلیزی:**

-Wilson, Charles (1878), Handbook for Travellers in Turkey in Asia, including Constantinople, The Bosphorus, Plain of Troy, Isles of Cyprus, Rhodes & Smyrna, Ephesus, and the routs to Persia, Baghdad, Moosool, with general hints for travellers in Turkey, John Murray, London.
-Cyprus and Asiatic Turkey(1878), Bradbury, Agnew Co. Printers, London.
-Reclus, Eliseee (1885), The Earth and its inhabitants/ Asia, Vol: IV, New york.
-Rousseau (1809), Description du Pachalik de Bagdad, Paris.

**د-بەزمانی فرەنسی:**

-Guinet, Vital(1891), La Turquie D, Asie; Géographie Administrative Statistique Descriptive et Raisonnée de Chaque Province de L' Asie Mineure, Tome Deuxième Ernest Leroux, Paris.

**چوارەم/وتار و توێژینەوە:**

**أ-بە زمانی عارەبی:**

-قادر، جبار ( 2009)، التكوين الأثني لسكان كركوك خلال الفترهة 1850_1958، بحث ضمن الكتاب:كركوك مدينة القوميات المتآخية، مجموعة من الكتاب و الباحثين، الطبعة الاولى، مطبعة آراس، اربيل.

**ب-بە زمانی ئینگلیزی:**

- Annals of the Propagation of the Faith (1842), Vol:III, Right Rev. the Bishop, V. A, London.
- Jewish Intelligence, and monthly account of the proceedings of the London Society for Promoting Christianity amongst the Jews (1848), Vol: XIV, London.
- Jewish Missionary Intelligence, London Society for Promoting Christianity amongst the Jews (1848), Operative Jewish Converts, London.
- Shiell J. (1838), Notes on a Journey from Tabriz, through Kurdistan, via Van, Bitlis, Seert, and Erbil, to Suleymanyeh in July and August, 1836, In: The Journal of the Royal Geographical Society of London"Magazine", vol: Eight, Clowes and sons, London.

**ج- بەزمانی فرەنسی:**

-Annales De L' Association De La Propagation De La Foi (1828), Tome Troisième, Paris.
- Clément, A. (1866), "Excursion dans le Kurdistan Ottoman méridional; de Kerkouk a' Rawanduz en 1856", In: Mémoire de la Société de Géographie de Genève, Genève

**د- بەزمانی ئەلمانی:**

-Freiherrn, Amand and V. Schweiger (1876), "Ingenieur Josef, Cernik's Technische Studien –Expedition Durch Die Gebiete Des Euphrat und Tigris", En: Ergazungsheft...Zu Peterman's geographischen Mitteilungen.

**مدينة كركوك في الكتابات و المذكرات الأجانب خلال القرن التاسع عشر**
**(دراسة في التركيبة السكانية والحالة العمرانية)**

**كامران محمد حاجى**
**قسم التأريخ، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين-اربيل**

**ملخص**

تعتبر قيمة الرحلات والملاحظات التي سجلتها الرحالة أداة مهمة لإلقاء الضوء على الجوانب الخفية للتاريخ الكردي. خاصة عن الفترات التاريخية التي لا يُعرف عنها سوى القليل. لذلك ، يمكن أن تصبح ملاحظات الرحالة ، بعد تحليلها، أداة جيدة لإجراء البحث. بسبب أهمية كتب الرحلات اخترنا هذا البحث بعنوان (مدينة كركوك في الكتابات و المذكرات الأجانب خلال القرن التاسع عشر (دراسة في التركيبة السكانية والحالة العمرانية).

بعد كتابة مقدمة لموضوع البحث، قمنا بتقسيم البحث إلى ثلاثة محاور رئيسية. في المحور الأول وهو (التركيب السكاني لكركوك) ركزنا على السكان والمجتمعات العرقية والدينية في المدينة. حيث اشرنا الى تعليقات الكتاب، والرحالة و الدبلوماسيين الأجانب الذين زاروا المدينة، على التطور الديموغرافي للمدينة. وفي المبحث الثاني بعنوان (الحالة العمرانية لمدينة كركوك/ الحالة المدينة العليا و المدينة السفلى)، سلطت الضوء على اهم المظاهر العمرانية في مدينة كركوك كما جاء في الكتابات و المذكرات الرحالة و الدبلوماسيين. في المحور الثاث و الاخير، والتي تحمل العنوان (المؤسسات الدينية، التعليمية والخدمية) وهنا أبرزنا أهم المؤسسات الدينية والتعليم والخدمات في المدينة كما ورد في مذكرات وكتابات أجانب خلال القرن التاسع عشر، وقد قمنا بعرض تعليقات على المعلومات التي جاءت بها الرحالة و الدبلوماسيين الاجانب، و كذلك قارنا بعضها مع المعلومات التي وردت في المصادر الرسمية في تلك الفترة.

**مفتاح الدراسة:** كركوك، الرحالة، التبشير، كليمان، ولف.

**The City of Kirkuk in the Writings and Memoirs of Foreigners during the Nineteenth Century**
**(A Study of Demographics and Prosperity)**

**Kamaran Muhammad Haji**
College of Art, Department of History, Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

The value of the travelogues and the observations recorded by the travelers are an important tool for shedding light on the hidden aspects of Kurdish history. Especially about historical periods about which little is known. Therefore, the observations of the surveyors, after being analyzed, can become a good tool for conducting research. It was because of the importance of the travelogues that we chose this article entitled (The City of Kirkuk in the Writings and Memoirs of Foreigners during the Nineteenth Century (A Study of Demographics and Prosperity).

In the first topic, which is entitled (Demographic Situation of Kirkuk), we focused on the population, ethnic and religious communities of the city. Here are the comments of our visitors on the demographic development of the city and the comments of foreign visitors, diplomats and writers. In the second topic entitled (the state of prosperity of Kirkuk (high city and lower city conditions), we focused on the most important information about the state of prosperity of the city, in both parts. In the last topic, the third topic, entitled (religious, education and services institutions), here we have focused on the most important religious institutions, education and services in the city, as mentioned in the memoirs and writings of the nineteenth century, as well as the necessary, and we have presented this information.

**Keywords:** Kirkuk, Travellers, Missionary , Clément, wolph.